# زانستی
# پەیوەندییە جەماوەرییەکان
# چەمک، تیۆری و کاریگەری



مەجید سالح
magid87@hotmail.com

# پێشەکی..

چەمکی پەیوەندی communication , چەمکێکی چەسپاو نیەو ناکرێ پێناسەیەکی وردو تایبەتی بۆ بکرێ, چونکە شێوازەکانی پەیوەندی فرەچەشنن, و بەپێی سەردەم و شوێنی بەکارهێنانیانەوە گۆڕان بەسەردا دێت, وەکو زانستیش شارەزایانی بوارەکە پێناسەی جیاجیایان بۆ داناوە, دەروونناس و کۆمەڵناسەکان بە پێداویستیەکی مرۆڤایەتیی دەزانن, فەیلەسوفەکانیش بە مافی سروشتی تاکەکانی کۆمەڵگای لە قەڵەم دەدەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە شارەزایی بدەن و وەرگرن. لە دیدی ستاتیکاشەوە, پەیوەندی کردن چالاکیەکی داهێنەرانەی مرۆڤایەتییە.

هەرچەندە چەمکی پەیوەندی لە جێگەی تردا بە درێژی باسی لێوە دەکەین, بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە communication بە مانای میدیاmedia نایەت, بەڵکو میدیاکان بەشێك لە پەیوەندی communication پێك دەهێنن. پەیوەندی کردن بە مانا بەربلاوەکەی هەموو شێوازەکانی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و شارەزایی و هەواڵ.. دەگرێتەوە. جاچی ئەوانە بن کە کەڵك لە تەکنەلۆژیا وەردەگرن یان ئاخاوتن و سەماو مۆسیقاو گۆرانی کە ڕووبەڕوون.

ئەمڕۆکە پەیوەندی بەشێکی گەورەی ژیانی کۆمەڵگەکانی داگیرکردووە. ڕۆژانە مرۆڤەکان لە نێوان خۆیاندا بە هەزاران پەیام لە ڕێگەی پێنج هەستەکانیانە، وە وەردەگرن و کەس ناتوانێ خۆی لەو پەیامانە بە دوربگرێ. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کارێکی وایکردووە,تەنانەت ئەو بۆچوونەی (ماك لۆهان) کە پێی وابوو دنیا بۆتە گوندێکی بچوك بە هەڵە بزانرێ, بەڵکو بە قسەی (کۆن ئاڵتا) جیهان بۆتە دەیان گوندی بچکۆلانەو هەر نەتەوەیەك هەوڵ دەدا کلتور و داب و نەریتی خۆی بپارێزێ.گەر جاران CNNی ئەمریکی لەڕێگەی بەرنامەکانیانەوە دەستی بەسەر بازاڕی پەیوەندی جیهاندا گرتبوو, ئێستا بە هۆی پەرەسەندنی تەکنیکەکانی پەیوەندیکردنەوە هەر وڵاتەو CNNی خۆی هەیەو لەوەش گرنگتر هەر کۆمپانیاو ڕێکخراوێك کەناڵی تایبەتی خۆی بۆ پەیوەندیکردن هەیە.ئێستا پەیوەندیکردن بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی ڕۆژانەی هەموو کەسێکە, لە ماڵەوە بێت یان لە زانکۆ یاخود لە ئۆفیسی کار.

پاش ڕزگاربوونی ئەم بەشەی کوردستانی باشوور, خواستی زانینی زانیاری و شارەزایی، بە شێوەیەکی بەربلاو لە ناو خەڵکدا سەری هەڵدا. بە ئاسانیو بێ سانسۆر دەستکەوتنی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە، ئەو خواستەی هێندەی تر پەرەپێداوە.

بەربلاوبوونی پەیوندی لە هەموو ئاستەکانیدا، ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی نەتەوەکەمان لە کاروانی مۆدێرنخوازی بەجێ نەمێنی. چونکە مێژوو ئەوەی سەلماندوە کە هەر نەتەوەیەك، گەر نەتوانێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا هاوتەریب پێشبکەوێ، ئەوا دەبێ لە مۆزەخانەکانی مێژوودا بۆی بگەڕێی.

ئەم بابەتەی کە لەلاپەڕەکانی دوای ئەم پێشەکیەدا دەیخوێنێتەوە بابەتێکی دەست پێشخەرە لەو بوارەدا، چونکە لە کتێبخانەی کوردیدا، جگە لە هەندێ بابەتی وەرگێڕاو نەبێت، ئەوا وەك بابەتی سەربەخۆ، تاکو ئێستا کەس لەسەری نەنووسیوە. ئەمەش کێشەیەکی سەرەکی بوو بۆ من لە دوو ڕووەوە، ڕوویێکیان: نەبوونی زاراوەی کوردی هاوواتای ئەو زاراوانەی کە لەم زانستەدا لە زمانەکانی فارسیو عەرەبیو ئینگلیزی بەکار دەهێنرێن. ڕووی دووەمیان: ناچاری کردم زیاتر پشت بە سەرچاوەی فارسیو عەرەبی ببەستم. ئەمەش یانی وەرگێڕانی لەو دوو زمانەو سەختتر بوونی کارەکەم.

هەڵبەتە پێویستە پێ بەو حەقیقەتەدا بنێم کە نە من و نە کەسانیتریش بە تاك و تەرایی ناتوانین، بە تێروتەسەلی هەموو لایەنەکانی ئەم زانستە بخەینەڕوو، چونکە زانستی پەیوەندی زانستێکی بەربلاوەو بە دۆزینەوەیو هەر تەکنیکێکی نوێ دونیایەك زانیاری نوێی دەچێتە سەرو دەبێت سەرجەم پێناسەو

تیۆرییەکانی سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە، لەوەش بترازێ شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم زانستە، بەهۆی جیاوازی گۆشەنیگایان بەرامبەر بە دیاردەو رووداوەکان، پێناسەو تیۆری جیاوازیان بۆی هەیە، تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا گەیشتوەتە ئاستی دژە بۆچوون.

هەروەك لەپێشدا باسم کرد سەرچاوەکانم بە هەردوو زمانی عەرەبیو فارسین، ئەمەش هەلی ئەوەی بۆ رەخساندم تاکو لە تێڕوانینی دوو کولتوری جیاوازەوە بتوانم بابەتێك، کە زۆر گرنگ و پێویستە، بەرهەم بهێنم و ناوی لێ بنێم لێکۆڵینەوەی "زانستی پەیوەندی.. چەمك و تەکنیك و کاریگەری".

بابەتەکە لە چوار بەش و کۆمەڵێ دەروازە پێکهاتووە.

* بەشی یەکەم:

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم سەرەتایەکی مێژوویی لە کۆنەوە تاکو ئێستا بخەمە ڕوو، هەروەها باسی کاریگەریی داهێنانەکانی مرۆڤایەتیو کاریگەرییان لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندیو کاریگەریی پەیوەندی لەسەر بڵاوبوونەوەی داهێنانەکان بکەم. هەر لە بەشی یەکەمدا چەمك و زاراوە جیاجیاکانی پەیوەندیکردن باس بکەین و پانۆرامایەکی ئەو پێناسانە بکەین کە بۆ ئەم زانستە کراون. ئینجا دێینە سەر ڕەگەزو تیۆرییەکانی پەیوەندیو بەدرێژی لەسەر تیۆرییەکانی زانستی پەیوەندی دەوەستین.

* بەشی دووەم:

ئەم بەشە لە سێ دەروازە پێکدێت: دەروازەی یەکەم باس لە ئەرکەکانی پەیوەندیکردن دەکات. دەروازەی دووەم باس لە قۆناغەکانی پەیوەندیکردن لای پەیامنێرو پەیام وەرگر دەکات. دەروازەی سێیەمی ئەم بەشە باس لە هەرسێ ئاستەکەی پرۆسەی پەیوەندی دەکات کە بریتین لە پەیوەندیی ڕووبەڕوو، پەیوەندی و پەیوەندی جەماوەری.

* بەشی سێیەم:

ئەم بەشە لە سێ دەروازە پێکدێت کە بریتین لە:

پەیوەندیو کاریگەریی لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتیو جۆرەکانی چالاکییەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان و ئەو بەربەستانەی کە ناهێڵن بەشێوازێکی سەرکەوتوو پەیوەندی ئەنجام بدرێت.

* بەشی چوارەم

لە کۆتایی بابەتەکەشدا ئەو دەرەنجامانەی کە بابەتەکە پێی گەیشتووە لەگەڵ سەرچاوەکانی بابەتەکە دەخەینە ڕوو.

پێویستە بوترێ کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵی ئەوەم داوە گەر بەشێوەیەکی پانۆرامایش بێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە:

1- پەیوەندی چییەو زانستی پەیوەندییە جەماوەرییەکان چییە؟

2- ئەو تیۆرییانەی کە بۆ ئەم زانستە گرنگە هاوچەرخە دانراون، چین؟

3- پەیوەندییە جەماوەرییەکان چ کاریگەرییەکیان لە سەر کۆمەڵگاکانی مرۆڤ هەیە؟

هیوادارم توانیبێتم بگەمە وەڵامی ڕاست و دروست بۆ ئەو پرسیارانەی کە لەپێشی خۆمدا دامناون.

مەجید سالح
زانکۆی سلێمانی
.magid87@hotmail.com

# بەشی یەکەم

* سەرەتایەکی مێژویی پرۆسەی پەیوەندی
* چەمك و زاراوەکانی پەیوەندی
* رەگەزەکانی پەیوەندی
* تیۆرییەکانی پەیوەندی

# پەیوەندیکردن بەدرێژایی مێژوو
# چاوخشاندنێکی خێرا بە پەرەسەندن و پێشکەوتنی پەیوەندی

هەموو کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان لەسەر بناغەی پەیوەندیکردنی ئەندامەکانی لەگەڵ یەکتردا، بونیادنراون. دیاردەی پێکەوە ژیان، بۆ خۆی دیاردەیەکی پەیوەندییە، کە مرۆڤەکان لەرێگەی پەیوەندیکردنەوە ئامانجەکانیان دەهێننەدی لە کۆمەڵگاکان و ژیانی کۆمەڵایەتی پتەوتر دەکەن.

خودی ووشەی پەیوەندی کردن Communication، لەڕەگی ووشەی Communis کە بە مانای (هاوبەش)ی هاتووە، وەرگیراوە. لە سەدەی یازدەشدا، ووشەی Commune بە مانای (کۆمەڵی مەدەنی) لە ئەوروپا بەکار هاتووە[1].

لە زمانی کوردیدا وشەی پەیوەندی بە مانا زاراوەییەکەی زۆر تازەیەو دەکرێ بوترێ هێشتا لە چاپەمەنییەکاندا لە بەرامبەر communication هەندێ جار (گەیاندن)یش بە کاردەهێنرێت کە لە حەقیقەتدا زاراوەی پەیوەندیکردن (communication زۆر پڕماناترو کۆنترو بەربڵاوترە لە وشەی (راگەیاندن) چونکە پەیوەندی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی. هەرچەندە ئەو جۆرە پەیوەندییانە زیاتر مەدلولێکی غەریزی و نائاگایی بەسەریاندا زاڵ بوو, بەڵام سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئەم پەیوەندییەی کە ئەمڕۆ لەسەر ئاستێکی بەرفراواندا دەبەسترێت.

بۆ دوورنەکەوتنەوە لە باسەکەمان, پێویستە بڵێین پەیوەندییە غەریزییەکان, پەیوەندییەکی (نەگەتیف) بوون, بەڵام هەر کە مرۆڤ هەستی بەوە کرد پێویستی بە بەستنی پەیوەندی هەیە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیدا، جۆرێکی‌تر لە پەیوەندی سەریهەڵدا کە دەتوانین پێی بڵێین پەیوەندی (پۆزەتیف). پاش ئەوەی مرۆڤی سەرەتایی توانی ئاگر بدۆزێتەوە بۆ رونکردنەوەو برژاندن بەکاری بهێنێ, ئاستی پەیوەندی کردن لەگەڵ تاکەکاندا گەشەی سەند. چونکە رووناکی ئاگرەکەو تینەکەی و شکارە برژاوەکەی سەر ئاگرەکە کۆمەڵێ خەڵکی لە چواردەوری خۆی کۆکردەوە, ئەم کۆکردنەوەیەش زیاتر لەیەکی نزیك کردنەوە و بووە هۆی سەرهەڵدانی دەربڕین و وتووێژکردن لە رێگەی دۆزینەوەی زمانەوە.

بەکارهێنانی زمان پێش 500هەزار ساڵ, مرۆڤایەتی لە قۆناغی متبوونەوە گواستەوە بۆ قۆناغی تەعبیرکردن بە ووشە. لەو ساتە بەولاوە گۆڕانکارییەکی گەورە لە چۆنیەتی پەیوەندیکردندا سەری هەڵدا.

گەر جاران مرۆڤەکان لە رێگەی لاسایی کردنەوەی دەنگی گیانەوەران و سروشت و هێماو جوڵاندنی دەم و لێویانەوە، پەیوەندییان بە مرۆڤەکانی‌ترەوە دەکردو زانیاری‌و شارەزاییان لەگەڵیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەوا بە دۆزینەوەی زمان ئەو ئاڵوگۆڕەیان بەربڵاوترو بەرفراوانتر کرد. ئەمڕۆکە کۆمەڵگا جیاجیاکان لەرێگەی 3500 زمان و دیالێکتەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەن و زانیاری‌و شارەزایی‌و هەواڵ بۆ یەکتر دەنێرن.

جگە لە ئاگرو زمان، مرۆڤە سەرەتاییەکان توانییان هەندێ ئاژەڵ رام بکەن و لەرێگەیانەوە هاتووچۆی شوێنە دوورە دەستەکان بکەن و گۆڕوتینی نوێ‌ترو خێراتر بە پەیوەندییەکانیان بدەن. ئەم خێراییە بە دۆزینەوەی تایەی عەرەبانە زۆرتر بوو. چینی‌و بابلیەکان کاتێك عەرەبانەیان داهێنا، شۆڕشێکی مەزنیان لە جۆری پەیوەندییەکانی مرۆڤدا دروست کرد. چونکە لە رێگەی ئەو ئامێرەوە دەتوانرا پەیوەندی بە دوورترین شوێنەوە بکرێت کە پێشتر بۆ مرۆڤەکان وەك خەون وابوون. مرۆڤایەتی بە دۆزینەوەی عەرەبانە

ئیشتهای بۆ وەرگرتنی زانیاریو پەیوەندیکردن بە کۆمەڵگاکانیتر کرایەوەو ئەو داهێنانە ڕێگەی بۆ دۆزینەوەی بەلەم و بەلەمی چارۆکەدار خۆشکرد. پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان و پەیوەندیکردن وەك پرۆسەیەکی گرنگ، تەواوکەری یەکترن. بەمانایەکیتر گەر پەیوەندییەکان نەبوونایە کۆمەڵگاکان پێش نەدەکەوتن و گەر پێشکەوتن و داهێنانیش نەبونایە پەیوەندییەکان وا ئاسان و بەرفراوان نەدەبوون.

ساڵی 1440، کاتێك گوتەنبرگ لەشاری "ماینز"ی ئەڵمانیا توانیی ئامێری چاپکردن دابهێنێ، مەزنترین شۆڕشی لەمێژووی پەیوەندییەکاندا دروست کرد. لەڕێگەی ئەم ئامێرە ئەفسوناوییەوە توانرا هەزاران پەیام بە خێراییەکی زۆر بۆ بەرفراوانترین پەیام وەرگر لە پانتاییەکی بەربڵاودا ڕەوانە بکرێت.

ئەو پەرەپێدان و گۆڕانکارییانەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەسەر چاپخانەدا هاتوون، لێکۆڵەرانی بواری Communication یان گەیاندە ئەو باوەڕەی کە دۆزینەوەی چاپخانە بە سەرەتای سەرهەڵدانی پەیوەندیکردن لەسەردەمی نوێدا لەقەڵەم[1] بدەن.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، کەرەستەکانی پەیوەندیکردنی مۆدێرن، گۆڕانی گەورەی چەندایەتیو چۆنایەتیان بەسەردا هات. ساڵی 1814 لەسەر دەستی "گونگ باور"ی بەریتانیدا ئامێری چاپخانە کرا بە هەڵمیو خێراییو بەرهەمەکەی چەند قات زیادی کرد. ساڵی 1833 لەلایەن "گۆدی" ئەڵمانییەوە خێراییەکەی هێندەیتر پەرەی پێدرا. لەساڵی 1877 "هۆك" ئامێری "تلبرنتر"ی داهێنا، کە بەهۆیەوە زۆر بە ئاسانی پەیامەکان دەگەیشتن بە ئاژانسەکانی دەنگوباس.

بەمجۆرە ملیۆنەها مرۆڤ لە سەدان وڵاتی جیهاندا لە هەمان ڕۆژدا ئاگاداری هەواڵ و دەنگوباسەکان دەبوون، لەکاتێکدا پێشتر دەبوایە یەك هەفتە چاوەڕوان بوونایە.

ساڵی 1880 تەلەفۆن زەمەنی کورت کردەوە بۆ کەمترین ماوە. پەیوەندییەکانی بەربڵاوکردەوەو بەرفراوانیکردن. داهێنانی ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەرو فڕۆکە هەموو ئاستەکانی پەیوەندیکردنیان گواستەوە بۆ بەرزترین ڕادەو، تیراژی ڕۆژنامەکانیشیان زیاد کرد.

دۆزینەوەی سینەما لە سەدەی بیستەمدا پەیوەندییەکانی گۆڕی بۆ شێوازێکی نوێیتر کە بیستن و بینین بوو لە یەك کاتدا. ساڵی 1925 لەڕێگەی سینوگرافیاوە ڕۆژنامەکان توانییان وێنەی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی دورەوە وەرگرن و بڵاوی بکەنەوە. هەر لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، دۆزینەوەی ئێزگە بووە هۆی ئەوەی جەماوەر لەو سندوقە قسەکەرە سەریان سوڕبمێنێ کە لەدوری سەدان کیلۆمەترەوە پەیامی دەنارد. ڕادیۆ لە جەنگی دووەمی جیهانی و لەکاتی جەنگی ساردا گرنگیی پەیداکرد,

بەم جۆرە داهێنانە نوێیەکان بوونە هۆی دروستبوونی پەیوەندیی جەماوەری mass communication و داهێنانی تەلەفزیۆنیش پەیوندیکردنی بینراوو بیستراوی بردە بەرزترین ئاست و ژمارەی پەیام وەرگرەکانیشی سەدقات زیاتر کرد. هەڵدانی مانگی دەسکرد بۆ بۆشایی ئاسمان پەرەی بە توانای تەلەفزیۆن دا لە گەیاندنی زانیاریو هەواڵ و بابەتی کاتبەسەربردن. وایکرد ببێتە سەرەکیترین هۆکاری پەیوەندیکردنی جەماوەری لەکۆتایی شەڕی ساردو لە ساڵانی پاش 1990دا داهێنانی سەتەلایت و ئینتەرنێت لەسەر ئاستی جیهان ماوەکانیان کورت کردەوەو شێوازی پەیامەکانیشیان گۆڕیو سنورەکانیان بەلاوە ناو ژمارەی پەیام وەرگرەکانیشی سەد ئەوەندە زیاتر کرد.

دەرئەنجامی ئەم سەرەتا مێژووییە ئەوەیە کە هیچ سنورێك بۆ داهێنان و لێهاتوویی مرۆڤ لە دروستکردنی شێوازی پەیوەندکردندا نییەو نابێت.

وەك بینیمان ناوەڕۆك و شێوازەکانی پەیوەندیکردن بەدرێژایی مێژوو گۆڕان و پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە دیوە. ئایندەش دەیان جۆرو شێوازی پەیوەندی لەناو خۆیدا حەشارداوە.

# چەمکەکانی پەیوەندی

زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسیو پسپۆڕانی ماس میدیاکان لەوەدا یەك دەگرنەوە کە پەیوەندی دیالەکتیکی مرۆڤی سەرەتایی بە دەوروبەریەوە دەگەڕێتەوە بۆ "پەیوەندی"و کۆمەڵگاکانیش لەسەر ئەو بناغەیە بونیادنراون.

گومان لەوەدا نییە، پەیوەندی لە ئەنجامی پێداویستی مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە سەری هەڵداوە. ئەو پێداویستییانە هەرچەندە لە سەرەتادا غەریزی بوون و هۆشیارانە نەبوون، بەڵام بە ئاوەز پەیداکردنی مرۆڤ، بوون بە پێداویستی کۆمەڵایەتی هۆشیارانەی خاوەن ئامانج. ململانێی مانەوە وای لە مرۆڤ کرد هەستی پێداویستی زیاتر لەلادا پەیدا بێت. ئەمەش ناچاری کرد لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیدا خۆی رێکبخات و لەگەڵ کۆمەڵ و کەسانیتردا پەیوەندی ببەستێ. بە تێپەڕبوونی کات و بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی پەیوەندی گەیشتە ئاستێك کە ئەمڕۆکە جیهان هێندە بچوك بوەتەوە، کورد واتەنی بوەتە ئەوەندەی چاوە چۆلەکەیەك"[1].

دابەش بوونی کار لە کۆمەڵگاکاندا، پێداویستیی دروست بوونی وەرگرتنی زانیاریو شارەزاییو دەنگوباسی لای تاك و کۆمەڵ زیاتر کرد. ئەمەش وایکرد کەناڵەکانی پەیوەندیکردن، گرنگیی زیاتر پەیدا بکەن و ببن بە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی هاوچەرخ، بەڵام خودی پرۆسەی پەیوەندیی Communication پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، چونکە پشت بە پێکهاتە دەروونیو عەقڵیو کولتوریو کۆمەڵایەتیەکانی تاك و کۆمەڵ دەبەستێ. شارەزایانی پەیوەندی سەلماندوویانە کە کاریگەریی پرۆسەی پەیوەندی لەمیانەی زۆریی ژمارەو بەربڵاویی ناوەرۆکی کەناڵەکانەوە دەرناکەوێ، بەڵکو کاتێك دەردەکەوێ کە ئەوان بتوانن بەسەر بەربەستە دەروونیو کولتوریە زاڵەکانی سەر کۆمەڵگادا، زاڵ بن. چونکە پەیوەندی بەتەنیا گواستنەوەی میکانیکیانەی بیروباوەڕو زانیاریو شارەزاییەکان نییە، بەڵکو کارلێکردنی رەگەزە دەروونیو کولتورییەکانی ناو کۆمەڵگایە[1].

بەڵام کاتێك بمانەوێ پێناسەیەکی ورد بۆ زانستی پەیوەندی بکەین رووبەڕووی چەندین کێشە دەبینەوە، چونکە پێناسەکان بەپێی چوارچێوەی بەکارهێنانی شێوازی "پەیوەندی"یەکە دەگۆڕێن. بەڵام هەموو پێناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە پەیوەندی پێنج رەگەزی هاوبەشی هەیە، کە بریتین لە:

1- پەیامنێر.
2- پەیام وەرگر.
3- کەناڵ
4- پەیام
5- کاریگەری

**کەواتە دەکرێ بڵێین: پەیوەندی بریتییە لەو پرۆسەیەی کە لەرێگەیەوە پەیامنێرێك، پەیامێکی دیاریکراو لەرێگەی کەناڵێکەوە، بە مەبەستی کارتێکردن دەنێرێت بۆ پەیام وەرگرێك. لەم پرۆسەیەدا زۆر جار پەیام وەرگر دەبێتە پەیامنێرو بەپێچەوانەشەوە راستە [2].**

**پەیوەندی دەکرێ چەندین پێناسەی بۆ بکرێ، بۆ نمونە دەتوانین لەم چەند ووشەیەدا کورتی بکەینەوەو بڵێین:**

**– ئاڵوگۆڕکردنی شارەزاییو زانیارییە هاوبەشەکانە لەنێوان مرۆڤەکاندا، یان دەتوانین بڵێین: "پەیوەندی بریتییە لە ئاوێتەبوونی هێماکان لەنێوان دوو کەس یان زیاتر"[3].**

**وەك پێشتر ووتمان پەیوەندی بەپێی ئەو چوارچێوەیەی کە تێیدا بەکاردێت پێناسەکەی دەگۆڕێ. لە خوارەوە کۆمەڵێ پێناسە دەخەینەڕوو تاکو بەهۆیانەوە لە چەمك یان چەمکەکانی پەیوەندی بگەین:**

*** پەیوەندی کردن وەك گواستنەوە: بریتییە لە گواستنەوەی بیروڕاو زانیاریو شارەزایی.**

*** پەیوەندیو کارتێکردن: ئەم وشەیە بۆ هەموو شێوازەکانی کارتێکردنی خەڵك لەسەر یەکتری بەکار دەهێنرێت، پەیوەندی بریتییە لە بەکارهێنانی هێماو نیشانە تاکو دەسەلات ممارەسە بکرێت. لێرەدا ئەوەی دەیەوێ پەیوەندی بکات، دەیەوێ گۆڕانێکی دیاریکراو، لەسەر ئەوەی پەیوەندی پێوە دەکرێ، دروست بکات.**

*** پەیوەندی وەك لێك حاڵی بوون: پەیوەندی بریتییە لە پرۆسەیەك کە لەرێگەیەوە لە بیروبۆچوونی کەسانیتر تێدەگەین و خواست و بۆچوونەکانیان دەزانین و هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدەین. واتا پەیوەندی پرۆسەیەکە لەرێگەیەوە دوو کەس یان زیاتر دەگەنە بۆچوون و هەست و سۆزی هاوبەش.**

*** پەیوەندی وەك ئاڵوگۆڕ: بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردنی چەمك و ماناکان لەنێوان خەڵکدا.**

*** پەیوەندی وەك بەیەکداچوون: بریتییە لە بەیەکداچوونی کۆمەڵایەتی لەرێگەی هێماکانەوە.**

*** پەیوەندی وەك فاکتێکی کۆمەڵایەتی: پەیوەندی پرۆسەیەکە بۆ بەستنەوەی بەشە جیاجیاکان بە ناوەندێکی زیندووەوە. واتا بریتیەلە گشتێکی کۆمەڵایەتی.**

*** پەیوەندی وەك بەشێك لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی: پرۆسەی پەیوەندی کردارێکە لەرێگەیەوە تەعبیر لە بەها کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت و رۆڵەکان لەنێوان تاکەکاندا دابەش دەکرێت و سانسۆرێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و رێگەی پێشکەوتن سانا دەکات.**

**پسپۆڕانی زانستی پەیوەندیش چەندین پێناسەیان بۆ** coommication **وەك زاراوە کردووە. لە خوارەوە باس لە هەندێ لەو پێناسانە دەکەین:**

**"پەیوەندی پرۆسەکەیە,پەیام وەرگر وپەیامنێر لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا کارلێك دەکەن, بیرو باوەڕو زانیاری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو لە رێگەی کەناڵێکەوە دەگوازنەوە. بەم شێوەیە پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی زانستییەو لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بیروڕا دروست دەبێت. واتە لە هەر پەیوەندیەکدا ئێمە هەوڵ دەدەین هاوبەشیی خەڵکانی تر بکەین و لە گەڵیاندا زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەین[1].**

**بیرلۆ** David Berlo **لە کتێبی** The Process of communication **دا دەڵێ پرۆسەی پەیوەندیکردن لە چوار رەگەزی سەرەکی پێکدێت کە (سەرچاوە, پەیام, کەناڵ و پەیام وەرگر)ن. دیڤد بیرلۆ ئەم مۆدیلەی خوارەوە دەکێشێ [2]:**

سەرچاوە ( سەنتەر ) ⟵ پەیام ⟵ کەناڵ ⟵ پەیام وەرگر

( شیکەرەوەی هێماکان)

بـەڵام هارۆڵـد لاسـویل Harold Lasswell لـە کتێبـی The Structuy Function of Communication in Society بەم شێوەیە ستراکتۆری پەیوەندی لە پێنج پرسیاردا کورت کردوەتەوە پرسیارەکانیش بریتین لە:

1- کێ؟ Who

2- چی ئەڵێ؟ Wat Says?

3- بەکام کەناڵ؟ In Which Channals?

4- بۆکێ؟ To Whom ?

5- بەکام کاریگەری With What affect[1]

بـەم جـۆرە کاتێـك لەگـەڵ دۆسـت و بـرادەرو هاوپیشـەکانماندا قسـەدەکەین و گوێیـان لێـدەگرین، زۆر بەئاسانی لە پرۆسەی پەیوەندیکردن دەگەین و ڕەگەزەکانی شیدەکەینەوە.

## ڕەگەزەکانی پەیوەندی

هەر پەیوەندییەك پێویستی بە کۆمەڵێك پێکهاتەو ڕەگەز هەیە و هەر ڕەگەزێك لەو ڕەگەزانە کار لەویتریان دەکات.

پسپۆڕانی زانستی پەیوەندیکردن ڕەگەزەکانی پەیوەندیان بەم شێوەیە پۆلێن کردووە

1- پەیامنێر
2- پەیام وەرگر
3- کەناڵ
4- پەیام

هەندێ جار لە جیاتی پەیامنێر دەوترێ سەرچاوەی زانیاری و بە پەیام وەرگریش دەوترێ وەرگری زانیاری, بە پەیامیش دەوترێ نامە یان ناوەڕۆك و بە کەناڵیش دەوترێ هۆکار. بەڵام لە ڕووی چەمکەوە هەر هەموویان چەمك و مانای تایبەت بە خۆیان هەیە و بەپێی ئەو پۆلێنەی سەرەوە، لە خوارەوە باسیان لێوە دەکەین:

## پەیامنێر

ڕەگەزی سەرەکی و یەکەمی پرۆسەی پەیوەندیکردنە, هەندێ جار بە پەیامنێر دەوترێ source یان سەرچاوەی زانیاری یان پەیوەندی بەس communicator,پەیامنێرەکان جۆراوجۆرن. وەك نووسەر, گوتاربێژ, هونەرمەند, ئەمانەی خوارەوە هەندێ جۆری پەیامنێرن:

1- نووسەر: نووسەری کتێب و بابەتی ڕۆژنامەوانی و شانۆنامەنووس و سیناریۆنووس و شاعیر.. هتد.. ئەمانە لە لە چوارچێوەی ئەو قاڵبەی کە تێیدا دەنووسن پەیامێك دادەڕێژن و هەواڵەی دەکەن. جەماوەری ئەم پەیامنێرانە زۆرو فرەچەشن و پەرش و بڵاون.

2- هونەرمەند: هەموو هونەرمەندانی شێوەکاریو پەیکەرتاش و مۆسیقا و گۆرانیو سینەما دەبنە پەیامنێر کاتێك لە ڕێگەی هونەرەکەیانەوە پەیامێك ئاراستەی پەیام وەرگرەکانیان دەکەن. ئەم پەیامنێرانە زیاتر گرنگی بە ستاتیکا دەدەن و ڕەمزو هێما لە پەیامەکانیاندا زۆرە.

3- ئەو قسەکەر و بێژەرانەی کە لە رادیۆ و t.v دەردەکەون و بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە جیاتی لایەنێك دەخوێننەوە..

بەهەرحاڵ پەیامنێر دەتوانێ لە پرۆسەی پەیوەندیدا لە ڕێگەی داڕشتنی پەیامێکەوە تەعبیر لە خۆی و بیرو بۆچوونەکانی بکات. هەروەها یارمەتی پەیام وەرگر دەدات تاکو خۆی بناسێ [1].

## پەیام وەرگر

پەیام ورەگر ئەو کەسە، یان کەسانەن کە لەڕێگەی کەناڵێکەوە بە هەستێك یان هەستێکیانەوە پەیامەکە وەردەگرێ، یان پەیامەکان وەردەگرن. زۆر جار لە پرۆسەی پەیوەندیدا وەك لایەنێکی نەگەتیف تەماشای پەیام وەرگر دەکرێت, بەڵام لە حەقیقەتدا پەیام وەرگر ڕەگەزێکی زۆر چالاك و پۆزەتیفی پرۆسەکە پێك دەهێنێ, چونکە خودی ئەوە کە نهێنی و هێماکان حەل دەکاو شییان دەکاتەوە.

پێشتر وتمان پەیامنێرەکان پەیامەکانیان ئاراستەی جەماوەرێکی بەربڵاو دەکەن و هیچ گونجانێك لە نێوانیاندا نییەو لە ڕووی دەروونیو کۆمەڵایەتی و زەوق و سەلیقەوە زۆر لە یەك جیاوازن. جگە لەوەش

کەناڵەکان پەیوەمدی کاریگەریان جیاوازە و پەیامنێرەکان لە ئاستێکی کەمدا نەبێت زانیاریو شارەزاییان لەبارەی پەیام وەرگرەکانیان نییە.

لێکۆڵینەوە تازەکان ئەوەیان سەلماندووە کە پەیام وەرگر کەسێکە کاریگەریی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوریو ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی بەسەریەوەیە، بۆیە دەبێ کەناڵەکانی پەیوەندی لە رێبازەکانیاندا جەخت لەسەر زانستی کۆمەڵایەتیو دەروونی.. بکەن، چونکە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە پەیام وەرگر کەسێکی تاك و تەریك و بێ هەڵوێست نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، رەگەزێکی پۆزەتیڤ و چالاکەو لە پرۆسەی پەیوەندیدا دەسەڵاتێکی زۆری هەیەو هەموو شتەکان لای ئەو کۆتاییان دێت.

لە خوارەوە بە کورتی باس لەو یارمەتی دەکەین کە یارمەتیە پەیام وەرگر دەدەن تاکو بە باشی لەو پەیامەی کە ئاڕاستەی دەکرێت، بگات.

(1)- زمانی هاوبەش لەنێوان پەیامنێر و پەیام وەرگر: زمان کاریگەریی زۆر هەیە بۆ گەیاندن و شیکردنەوەی دەلالەتەکانی پەیامەکە لەلایەن پەیام وەرگرەوە. بۆ نموونە زمانی نەتەوەیی یان لەهجە جیاجیاکان.

(2)- رادەی گونجان لەنێوان پەیامنێرو پەیام وەرگر: تا رێزو خۆشەویستیو بڕواو متمانە لەنێوان ئەو دوو رەگەزەی پەیوەندیدا زیاتر بن، پەیامەکە سەرکەوتووتر دەبێت. پێویستە پەیامنێر ئەو رێزو خۆشەویستیو متمانەیەی پەیام وەرگر بەدەست بهێنێت.

(3)- رادەی رۆشنبیریو شارەزایی پەیام وەرگر: پەیام وەرگر تا ئاستی خوێندەواریی زیاتر بێت و شارەزاییو زانیاری گشتی زیاتر بێت باشتر لە پەیامی پەیامنێرەکە دەگات. ئەوانەی پاشخانی رۆشنبرییان زیاترە زووترو بە ئاسانی لە پەیامەکان دەگەن [1].

## کەناڵ

کەناڵ ئەو فاکتەیە کە پەیامنێر لەرێگەیەوە پەیامێك ئاڕاستەی پەیام وەرگرێك دەکات. کەناڵەکانی پەیام ناردن زیاتر کاریگەرییان بۆ سەر هەستەکانی بیستن و بینین هەیە.

زۆربەی جار کەناڵەکان شێوەو قەبارەی پەیامەکان دیاری دەکەن. بۆ نمونە رادیۆ ناتوانێ هەمان پەیام رەوانە بکات کە تەلەفزیۆن ئەتوانێ. هەروەها رادیۆ وەك تەلەفۆن ناتوانێ راستەوخۆ و لە هەمان شێوازی کەسی هەڵی قسەکردن بۆ پەیامنێرو پەیام وەرگر برەخسێنێ.

لە خوارەوە گرنگترین کەناڵەکانی پەیوەندی دەخەینە ڕوو:

(1) کەناڵە نووسراوەکان:

هەموو جۆرەکانی کتێب و رۆژنامەو گۆڤارو نامیلکەو بەیاننامە و بەڵگەنامەو دیکۆمێنتەکانی فەرمانگەکان و نامەکان دەگرێتەوە. پەیامنێرەکان دەتوانن لەرێگەی داڕشتنەوە، پەیامەکانیان بگەیەننە (خوێنەران) کە پەیام وەرگرەکانن.

(2)- کەناڵی بینراو و بیستراو:

بەشێوەیەکی سەرەکی رادیۆو تەلەفزیۆن و سینەما و ڤیدیۆ پێك دەهێنن. زۆربەی جار پەیامی ئەم جۆرە کەناڵانە فرە چەشن و هەمەڕەنگن و زۆرترین ژمارەی پەیام وەرگرەکان لە دەوری ئەم جۆرە کەناڵانە کۆبونەتەوە، بەتایبەتی سەتەلایت و کەناڵە ئاسمانیەکان.

(3)– کەناڵە ئەلکترۆنیەکان گرنگترینیان "ئینتەرنێت"ە کە لەماوەیەکی زۆر کەمدا لە سەرتاسەری جیهاندا پەرەی سەندو سنورەکانی تێك شکاند. خوێندکارانی زانکۆکان و بانك و بازرگان و سیاسیو هێزە سەربازییەکان کەڵك لەم کەناڵە وەردەگرن. دەکرێ بەم شێوەیە پێناسەی ئینتەرنێت بکرێت: بریتییە لە گرێدانی ملیۆنەها کۆمپیوتەر پێکەوە لە شوێنە جیاجیاکانی دونیا، بەکارهێنەرەکانی لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی دونیا پەیوەندی پێکەوە دەکەن. [1]

## پەیام

بریتییە لەو کۆمەڵە زانیاریو شارەزاییو هەواڵ و هێمایانەی، کە لەلایەن پەیامنێرێکەوە بەمەبەستی گەیاندنی بە پەیام وەرگرێك یان زیاتر، لەرێگەی کەناڵێکی پەیوەندییەوە رەوانە دەکرێتە پەیامەکان لەڕووی فۆڕمەوە دەکرێن بە چەند بەشێکەوەو ئەمانەی خوارەوە گرنگترین فۆڕمەکانی پەیامن:

(1) پەیامی نووسراو: ئەو پەیامانەن کە لەرێگەی نووسینەوەیان و بڵاوکردنەوەیان لە یەکێك لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا یان لە شێوەی کتێب و نامیلکەو بەیاننامەدا رێکدەخرێن و ئاڕاستەی پەیام وەرگرەکان دەکرێن. زۆر جار ئەم پەیامانە لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەکرێنەوە.

(2) پەیام لەشێوەی کارێکی هونەریدا:

زۆر جار پەیامنێرەکان پەیامەکانیان لە شێوەی کارێکی هونەریدا (شانۆ، سینەما، گۆرانی، تابلۆی شێوەکاری، پەیکەر)دا رێك دەخەن. کاریگەریی ئەم جۆرە پەیامانە زۆرە، بەڵام هەندێ جار پەیام وەرگر پێویستی بە پاشخانێکی رۆشنبیری هەیە تاکو ماناو هێماکانی لێك بداتەوە.

پێویستە ئەو پەیامانەی کە ئاڕاستە دەکرێن کۆمەڵێ مەرجی تایبەتیان تێدا بێت بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری جێبهێڵن. لەو مەرجانەش دەکرێ باس لە راست و دروستیو کەمیی هەڵەی چاپ و دورکەوتنەوە لە درێژەدادڕی بێ مانا، بکەین.

بە نسبەت پەیامە هونەرییەکانیشەوە باس لە مەرجی سادەییو ستاتیکاییو دوور لە ئاڵۆزی بکەین. لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین پەیامەکان لە هەر فۆڕمێکدا بن دەبێ خەسڵەتە دەروونیو کۆمەڵایەتیەکانی پەیام وەرگرەکان لەبەرچاو بگرن[2].

# تیۆرییەکانی
# کارتێکردنی پەیوەندییە جەماوەرییەکان

چەمکی کارتێکردنی پەیوەندییەکان هەرچەندە لە ڕووی مەعریفیەوە تاڕادەیەك چەمکێکی پێناس کراوە، بەڵام هێشتا دینامیکایەتی تێدایەو قابیلی گۆڕین و گەشە سەندنە. دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بە تیۆرییەکانی کارتێکردنی پەیوەندییە جەماوەرییەکان بیانناسێنن. هەموو ئەو تیۆریانە لەسەر ئەوە کۆکن کە کەناڵەکانی پەیوەندی کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لەسەر تاك و کۆمەڵ هەیە، بەڵام جیاوازییە کە لەڕووی جۆر و قەبارەی کارتێکردنەکەدایە. تیۆرییەکانی کارتێکردنی پەیوەندییەکان دەکرێن بە سێ بەشەوە:

1- تیۆری کارتێکردنی ڕاستەوخۆ.

2- تیۆری کارتێکردنی ناڕاستەوخۆ.

1- تیۆری کارتێکردنی چالاك.

# تیۆری کارتێکردنی ڕاستەوخۆ

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تیۆرییەك سەری هەڵدا کە پێی وابوو، هۆکارەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان کاریگەری‌و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان بەسەر کۆمەڵگاوە هەیە. ئەم تیۆرییە پێی وایە پەیامی پەیوەندی ڕەگەزێکی بەهێزی ئەو کاریگەرییە پێك دەهێنێ، هەر بۆیە پرۆسەی پەیوەندی شێوازێك دەگرێتەبەر پەیامەکەی پێش هەر شتێك ڕەوانە دەکات و پرۆسەکەش تەنیا بە ناردنی پەیامەکە سەر دەگرێ. ئەم تیۆرییە بە تیۆری گوللەی ئەفسوناوی Bullet theory ناو دەبرێ. ئەم بۆچوونە لەسەر چەند بنەمایەك وەستاوە پێی وایە پەیام وەرگرەکان لە بەرامبەر کارتێکردنی کەناڵەکانی پەیوەندی‌دا هەڵوێستی ڕازی بوون دەنوێنن و هەر کە پەیامەکەیان پێدەگات یەکسەر وەری دەگرن.

بەپێی ئەم تیۆرییە پەیام وەرگرەکان وەك پەرێك وان لەبەردەم ڕەشەبادا. یان وەك هەویر وان و پەیامنێرەکان بە ئارەزووی خۆیان شێوەو شکڵیان پێ دروست دەکەن.

لە بیستەکان تاکو چلەکانی سەدەی ڕابردو، زۆربەی سەرکردە ئایدۆلۆژییەکان باوەڕیان وابوو دەتوانن لەڕێگەی پەیوەندییە جەماوەرییەکانەوە، ئایدیۆلۆژیە مەزنەکانیان بڵاو بکەنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە لەو ماوەیەدا زۆربەی دامەزراوەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان، لەژێر دەسەڵاتی چەند کەسێکدا بوون و دەیانویست دەست بەسەر عەقڵی خەڵکدا بگرن. تاکو پەنجاکانی سەدەی ڕابردووش سیاسەتمەدارەکان پێیان وابوو لایەنە دەروونی‌و کۆمەڵایەتیەکانی پەیام وەرگرەکان گرنگ نین، هەر لەبەر ئەوەش بوو هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی حزب و ڕێکخراوەکان هەرەسیان دەهێنا. ئەو هەرەسانەش ناچاری دەکردن بیر لە چارەسەر بکەنەوە. سەرەتا پسپۆڕانی پەیوەندی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە مەرج نییە پەیامەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبێت، بەڵکو دەبێ هەلومەرجی جیاجیایان بۆ دروست بکرێت، واتا مەرج نییە پەیامەکان بەخێرایی بگەنە مەبەستەکانیان، بەڵام تاکو ئێستا لە هەندێ حاڵەتدا تیۆری کارتێکردنی ڕاستەوخۆ هێشتا برەوی هەیە، بەتایبەت لەکاتی هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردندا.

## تیۆری کارتێکردنی ناڕاستەوخۆ

لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردودا، زۆربەی تیۆرییەکانی کارتێکردنی پەیوەندییە جەماوەرییەکان لەڕووی پراکتیکەوە هەرەسیان هێناو قابیلی جێبەجێکردن نەبوون. ئەمەش زۆر لە سیاسیەکانی هاندا تاکو بیر لە چارەسەر بکەنەوە. بۆیە چەندین لێکۆڵینەوە کراو لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە تێگەیشتن لە پەیامی کەناڵەکانی پەیوەندی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی‌ترو بەپێی هەلومەرجی دەروونی‌و کۆمەڵایەتی‌و ژینگەیی دەگۆڕێ. لەمەش گرنگتر لەو لێکۆڵینەوانەدا دەرکەوت کە مەرج نییە بەو رادەیەی پێشبینی دەکرا خەڵك بکەونە ژێر کاریگەریی پەیوەندییە جەماوەرییەکانەوە.

بۆیە لە تیۆری ناڕاستەوخۆدا، کۆمەڵێ فاکتەری یارمەتیدەر، بۆ سەرکەوتوویی پەیامی کەناڵەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان لەبەرچاو گیران، بە واتایەکی‌تر هەلومەرجی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لەسەر پەیامەکە هەیە.

ئەو ماوەیەی کە ئەم تیۆرییە تێیدا باڵا دەست بوو، دوو قۆناغی بەخۆیەوە دی. یەکەمیان: تیۆری کارتێکردنی سنوردار Liminted Effects Theory دووهەمیان تیۆری کارتێکردنی راستەوخۆ moderate Effect Theory . تیۆری کارتێکردنی سنوردار لەکاتی هەرەس هێنانی تیۆری کارتێکردنی راستەوخۆ سەری هەڵدا. تیۆری کارتێکردنی راستەوخۆ دەسەڵاتی رەهایی دەدا بە پەیوەندییە جەماوەرییەکان، بەڵام کارتێکردنی سنوردار رێوشوێنێکی میانەڕەوانەی دەگرتەبەر. ئەم تیۆرییە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا سەری هەڵدا، بەڵام moderate لە حەفتاکانی ئەو سەدەیەدا سەری هەڵدا.

دیارترین دیاردەکانی ئەم دوو تیۆرییە ئەوەن کە: یەکەمیان پەیوەندییەکی خێرا ئەنجام دەدا، بەڵام دووەمیان کاریگەرییەکەی داخراوە.

## تیۆری کارتێکردنی چالاك

ئەم تیۆرییە پێی وایە کەناڵەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان، ئەگەر بەشێوەیەکی رێکوپێك بەکار بهێنرێن، ئەوا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر جەماوەر دەبێت. هەروەها ئەم تیۆرییە لای وایە تیۆرییەکانی پێشوو لە بەهای کاریگەری زانستی پەیوەندییە جەماوەرییەکانیان کەم کردوەتەوە. بۆ سەرکەوتوویی دوو مۆدێلی زانستی دەهێننەوە: یەکەمیان مۆدێلی "دانیال لینەر"ە کە باس لە رۆڵی پەیوەندییە جەماوەرییەکان و تێپەڕاندنی کۆمەڵگا تەقلیدییەکان بەرەو کۆمەڵگای مۆدێرن دەکات. دووەمیان مۆدێلی "ئیڤرت راجرز"ە کە بە مۆدێلی "تەرویجی"

بە ناوبانگە. ئەو دوو مۆدێلە لەماوەی 1950 بۆ 1960 ز دەرکەوتوون لە هەموو مۆدێلەکانی‌تر کاریگەرترن. بۆیە لە خوارەوە باس لە هەردوو مۆدێلەکە دەکەین.

# مۆدێلی دانیال لیرنەر

لیرنەر دەیویست تیۆرییەك بخانە ڕوو تاكو لەرێگەیەوە كۆمەڵگا تەقلیدییەكان و دواكەوتووەكان كەڵك لە ئەزموون و رابردووی وڵاتە پێشكەوتووەكان وەربگرن و لە ماوەیەكی كەمدا بەرەو نویٚ بوونەوە هەنگاو هەڵنێن.

كارەكانی لیرنەر پشتی بەو لێكۆڵینەوانەی كە لە ئێران و توركیاو ئوردن و میسر و سوریادا كردبونی، دەبەست. لیرنەر باوەڕی وایە كە كۆمەڵگاو تاكەكانی كۆمەڵ بە چەند قۆناغێك دەتوانریٚ بەرەو پێشكەوتن ئاڕاستە بكرێن. لەو قۆناغانەدا دەبیٚ لایەنە جوگرافیو كۆمەڵایەتیو دەروونیەكان لەبەرچاو بگیرێن. لیرنەر پێی وایە هۆكاری سەرەكی دواكەوتوویی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی تەقلیدی گوندەكانی ئەو وڵاتانە. بۆیە دەبیٚ هەلومەرجێك رێك بخرێت بۆ ئەوەی گوندنشینەكان بەرەو شار كۆچ پێبكرێن. ئەو كۆچ كردنە، گوندییەكان بە هۆكارەكانی پەیوەندی مۆدێرن ئاشنا دەكات و لەرێگەی ئەو پەیوەندییانەوە گۆڕانی كۆمەڵایەتی دروست دەبێت و[1] ئاستی خوێندن بەرز دەبێتەوەو جوڵەی دەرونی لەپاڵ جوڵە جوگرافیەكەدا سەرهەڵدەدات. بەم جۆرە لیرنەر دەگاتە ئەو قەناعەتەی كە بەو كارە مرۆڤی گوندنیشن لەجیاتی یەك كار دەتوانیٚ بەرپرسیاری نویٚ بگرێتە ئەستۆی خۆیو ناوی دەنیٚ "ئیمپتیی" یان "هاودڵی".

بەپێی نمونەكەی "لینەر" بۆ مۆدێرنیزەكردن، گۆڕان لە قۆناغی تەقلیدییەوە بۆ قۆناغی گوزەر لەوێشەوە بۆ قۆناغی مۆدێرن، گرێدراوە بە گۆڕانی پەیوەندی لە سیستەمی زارەكی بۆ سیستەمی پەیوەندی جەماوەری.

كۆمەڵی مۆدێرن ➔ پەیوەندی جەماوەری ➔ كۆمەڵگای گوزەر ➔ پەیوەندی زارەكی ➔ كۆمەڵگای تەقلیدی

بە بڕوای لیرنەر پەیوەندی زارەكی دەبێتە هۆی پاراستنی داب و نەریتە تەقلیدییەكان، بەڵام پەیوەندییە جەماوەرییەكان شارەزاییو بۆچوون و رەفتاری نویٚ فێری خەڵك دەكەن.[2] هەر لەبەر ئەمەشە میدیاكان هۆكارێكی گرنگن بۆ خستنە جوڵەی كۆمەڵگاكان. بە مانایەكیتر رادیۆو تەلەفزیۆن و رۆژنامەو ئینتەرنێت.. دەتوانن لە دروستكردنی پەیوەندی لەگەڵ پەیام وەرگرەكانیادا، هەلومەرجی "گۆڕان"و "جۆری گۆڕانەكان"یش دیاری بكەن.

بەڕای لیرنەر، ماس میدیاكان، بەتایبەت رادیۆو سینەما دەتوانن كارێك بكەن خەڵك لە گوندەكانەوە بۆ شارەكان كۆچ پێبكەن و كەڵك لە هەلومەرجەكانی پێشكەوتن وەربگرن. لیرنەر لای وایە دەبیٚ لە كۆمەڵگا تەقلیدییەكاندا گۆڕان لە سیستەمی بەرنامەی میدیاكاندا بكرێت.

هەروەها پێی وایە لە رۆهەڵاتدا تەنیا 25٪ خەڵك لە شارەكاندا دەژین، ئەركی میدیا ئەوەیە ئەو رێژەیە زیاتر بكەن.

# مۆدێلی ئیڤرت راجرز

بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە لەپاش جەنگی جیهانی دووەم، ئابوری بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند، بۆ زیاتر برەودان بەو پەرەسەندنە، ویستی بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی نوێخوازی سەریهەڵدا. ئەم مۆدێلە دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە گۆڕان لە کۆمەڵگایەکدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆڕان لە کۆمەڵگایەکیتردا. ئەم مۆدێلە سودی لەو تیۆرییە وەرگرت کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا "گابریل تارد"ی فەڕەنسی خستیە ڕوو و بە تیۆری چەماوەی "S"ناوبانگی دەرکرد. بەپێی ئەم تیۆرییە لە سەرەتادا تەنیا کۆمەڵە کەسێکی کەم بڕوایان بە گۆڕان دەبێت، پاشان پەرە دەسێنێو بە دوایین کەس کە بڕوا بە نوێخوازی دەهێنێ کۆتایی دێت. هەروەها ئەم مۆدێلە کەڵکی لە مۆدێلی "ڕەوتی دوو قۆناغی پەیوەندییەکان"ی کاتزو لازارسفلد وەرگرتووەو لەسەر بنەمای دەبێ پەیوەندی لە ڕەوتێك زیاتری پێ بسپێردرێ".

ئەوانەی باوەڕیان بەم مۆدێلە هەیە، سەرنجی خۆیان دەدەنە لایەنە جیاجیاکانی نوێخوازیو پێیان وایە دەبێ لە پاڵ تایبەتمەندییە شەخسیەکاندا، تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تاك و کۆمەڵ لەبەر چاو بگیرێت. لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت بۆ قۆناغەکانی دروست بوونی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ئەو پەیامانەی کە لەرێگەی کەناڵەکانەوە پێدەگا.

بەپێی ئەم مۆدێلەی "ئیڤرت راجرز"، هەر گۆڕانێك کە لە کۆمەڵگادا ڕوو بدات، هۆکارەکەی بۆ کەناڵەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان دەگەڕێتەوە. راجرز پێی وایە لەپاڵ پەیوەندییە جەماوەرییەکاندا، پەیوەندییە شەخسیەکان ڕۆڵی هاوکار یان کارئاسانکەر بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەبینن(1).

مۆدێلی راجرز مۆدێلێکە هەڵقوڵاوی فەلسەفەی لیبرالیزمەو باوڕی وایە کە هۆی پێش نەکەوتنی هەندێ لە کۆمەڵگاکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەس و لایەن و بیروباوەڕە تەقلیدیانەی کە بەئاسانی قابیلی گۆڕان نین، بەڵام هەر دەبێت بگۆڕێن. راجرز زۆر بە توندی دژی فۆرمە تەقلیدیەکانی پەیوەندی کردن دەوەستێتەوە باوەڕی وایە کە دەبێت بۆ پەیوەندی بەستن کەڵك لە پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای سەردەم وەربگیرێت.

لە کۆتایی ئەم باسەدا پێویستە بوترێ: بۆ ئەوەی پەیوەندییە جەماوەرییەکان کاریگەریو سەرکەوتوویی خۆیان بسەلمێنن، مەرج نییە راستەوخۆ تیۆرییەك جێبەجێ بکەن کە لەوانەیە لە زەمەن و زەمینێکی جیاواز لەوەی کە پەیوەندییەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت ئامادە کرابێت. بۆیە باشترین ڕێگەی بەرنامەدانان بۆ پەیوەندی بەستن ئەوەیە پێش هەر بڕیاردانێك، پێویستمان بەوە هەیە ئەوانەی کە بڕیار وایە پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستین لە بەرنامەدانانەکەدا هاوکاریو هاوبەشیمان بکەن، بۆ ئەوەی لە نیازەکانیان بگەین.. ئەگەر وانەبێت ئەوا کۆمەڵێ بەرنامەو پەیام ئەنجام دەدرێن کە هیچ کەس نییە گوێیان بۆ شل کات..

# بەشی دووەم

## * ئەرکەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان

## * قۆناغەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان

## * ئاستەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان

# ئەركەكانی پەیوەندییە جەماوەرییەكان

تا ئێستاش رەخنەگرانی كۆمەڵایەتیو بەرهەمهێنەكانی پەیامی جەماوەری، لەسەر رۆڵ و كاریگەریو ئەركی كەناڵەكانی پەیوەندی (پۆزەتیڤ بێ یان نێگەتیڤ) لەسەر یەك را كۆك نین و یەك پێوانەو یەك تێڕوانینی هاوبەشیان نییە.

هارۆڵد لاسوێل (1948) H. Lasswell یەكێكە لەو بیرمەندانەی كە چەندین لێكۆڵینەوەی لەسەر ئەركەكانی پەیوەندییە جەماوەرییەكان لەناو كۆمەڵگادا ئەنجام داوە. لاسوێل پێی وایە، كەناڵەكانی پەیوەندییە گشتییەكان سێ ئەركی سەرەكیان هەیەو بریتین لە:

1- چاودێریی ژینگە.

2- بەستنەوەی خەڵك بە ژینگەكانیانەوە.

3- گواستنەوەی كولتوری كۆمەڵایەتی لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكیتر.[1]

بەڵام توێژەر چارلز رایت (C.R. wright(1959) ئەركی گرنگیدان بە خۆشیو كات بەسەربردن لەپاڵ ئەركەكانیتر دادەنێت. چونكە ئەركی خۆشیو رابواردن رەگەزێكی گرنگە بۆ راكێشانی ژمارەیەكی زۆری پەیام وەرگر. هەر لەبەر ئەوەشە كەناڵەكانی راگەیاندن هەوڵ دەدەن لەرێگەی پەخش كردنی ئەو جۆرە بەرنامانەوە، زۆرترین خەڵك لە دەوری خۆیان كۆبكەنەوە.

بۆ ئەوەی لە ئامانجەكانمان دور نەكەوینەوە لە خوارەوە لەرێگەی چەند خاڵێك ئەركە پۆزەتیڤەكانی پرۆسەی پەیوەندی جەماوەری دیاری دەكەین:

1- ئەركی مەعریفی:

بریتییە لە گواستنەوەی زانیاریو شارەزاییو بیروڕاكان بۆ كەسانیتر بەمەستی بەئاگاهێنانەوەیان و هۆشیاركردنەوەیان و بەرزكردنەوەی ئاستی شارەزاییو زانیارییەكانیان.

(2) ئەركی قەناعەت پێهێنان:

ئەم ئەركە كاتێك بەكار دەهێنرێت كە بمانەوێ لەرێگەی پەیوەندییەوە، بیروڕای خەڵك لەسەر مەسەلەیەكی دیاریكراو یان كۆمەڵێ مەسەلە بگۆڕین. لەم ئەركەدا، پێویستە بەشێوەیەكی لۆژیكی زانیاری تەواو لەسەر مەبەستە دیاریكراوەكانمان بخەینە بەردەستی كەس یان كەسانی پەیام وەرگرەوە، تاكو بەو شێوەیەی كە دەمانەوێ بڕیار بدات.

(3)- ئەركی تەرویجی: هەوڵدان بۆ بڵاوكردنەوەی خۆشیو رابواردن لەرێگەی دراماو گۆرانیو مۆسیقاو وەرزش و پێشبڕكێی هەمەجۆر.

(4)- ئەركی بەشداریكردن لە كولتوردا:

ئەم ئەركە هەموو ئەركەكانی پەیوەندی دەگرێتەوە، هەر لە گواستنەوەی داب و نەریت و فەرهەنگە نەتەوەییەكانەوە لە نەوەیەك بۆ نەوەیەكیتر، تا دەگاتە دروستكردنی گۆڕانكاریو گونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابورییەكان.

ئاشكرایە گەر كولتور هەبێت، ئەوا دەبێ كەسانێك هەبن لە نەوەیەكەوە بیگەیەنن بە نەوەیەكیتر بەمەبەستی دروستكردنی هەستی بەرپرسیارێتیو هەستی هاوكاری لەناو كۆمەڵگادا، بۆ دروستكردنی كۆمەڵگایەكی توندو تۆڵ و یەكگرتوو.

پەیوەندی جەماوەری، پەیوەندی کۆمەڵایەتی نویێ دروست دەکات. لەکاتی دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان کەسێك و کەسێکی ترداو کۆمەڵێك بە کۆمەڵێکی ترو نەوەیەك بە نەوەیەکی ترەوە، هاوبەشی لەبیروڕاو ئامانجدا دروست دەبێت، ئەمەش کار ئاسانیان بۆ دەکات تاکو لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی خۆیاندا بگونجێن.

(5)– پەرەپێدانی توانای خۆگونجاندن: پەیوەندییە جەماوەرییەکان ئەتوانن خەڵك ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی لە هەر گۆڕانێکی ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیدا، خۆیان لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکاندا بگونجێنن.

پەیوەندییە جەماوەرییەکان تەنیا هۆکارێك نین بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و گەیاندنی بیروباوەڕەکان، بەڵکو کەرەستەیەکی گرنگن بۆ دروستکردنی کولتوری نویێو بەرز کردنەوەی ئاستەکانی دروست کردنی کەسایەتی تاك و کۆمەڵگا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەرکی پەیوەندی جەماوەری بەپێی سروشتی ئەو کەسە، یان ئەو دامەزراوەی کە پەیامەکە ئامادە دەکات دەگۆڕیێ. توێژەری ئەمریکی چارلز رایت Ch. Wright پێی وایە: پەیوەندی جەماوەری تایبەتمەندی خۆی هەیەو هەلومەرجی تایبەتیشی هەیە بۆ کارکردن. پەیوەندی جەماوەری پێکهاتەو سروشتی جەماوەرو سروشتی پەیوەندیکەر لەبەرچاو دەگریێ. ئەو هەواڵە گرنگەی کە تەلەفزیۆنێك پەخشی دەکات پەیوەندییەکی جەماوەرییە، بەڵام پەخش کردنی وانەیەك لەسەر جوگرافیا لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە، بە پەیوەندییەکی جەماوەرەی لەقەڵەم نادریێ، چونکە سنوری پەیام وەرگرەکانی بەرتەسك و سنوردارە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییە (جەماوەرییەکان) دەمانگەیەنێتە ئەو رایەی کە پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە دوو بواردا کەڵکی هەیە:

1– بۆ پەیام وەرگر: هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنی تاکو بە ئاسانی دەستی بگات بە زانیاریو شارەزاییو هەواڵ و لێکۆڵینەوە. زانینی ئەوانەش وا دەکات تاکو لە ئایندەدا (وەرگری پەیام) ببێتە سەرچاوەی زانیاریو بە ئاسانی شتەکان لە یەك جیا بکاتەوە.

2– بۆ پەیام وەرگر: پەیوەندی هەلی ئەوە بۆ پەیامنێر دەڕەخسێنیێ تاکو لەڕێگەی دەربڕینی بیروڕاکانیەوە گۆڕانی کۆمەڵایەتیو کولتوری.. دروست بکات و وەك ئەڕستۆ دەڵیێ[1] خۆی پیێ پاکژ (Catharsis) بکاتەوە.

# قۆناغەكانی
# پرۆسەی پەیوەندییە جەماوەرییەكان

ئەو لێكۆڵەوانەی كە لەبواری پەیوەندییە جەماوەرییەكاندا ئەنجام دراون، لەسەر ئەوە كۆكن تاكەكان بۆ ئەوەی بۆچونێكی دیاریكراو وەرگرن، یانی بۆ ئەوەی كەڵك لە شارەزاییە نوێیەكان وەرگرن، دەبێ بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕن. هەریەك لەو قۆناغانەش چەمكی دەروونیی و عەقڵیی و كولتوری تایبەت بە خۆی هەیە. قۆناغەكانیش بریتین لە:

1-قۆناغی هەست كردن بە بۆچوونەكەو دەرك پێكردن.Stage Awareness

تاك لەرێگەی هەستەكانیەوە لە كەناڵەكانی پەیوەندییە جەماوەرییەكانەوە زانیاریی و شارەزایی پێدەگات، پاشان هەست دەكات لەسەر ئەو بابەتانە پێویستی بە زانیاری زیاتر هەیە. ئەم هەنگاوەش دەرگا لەسەر زنجیرەیەكی درێژتر دەكاتەوە. لەوانەیە لە كۆتاییەكاندا تاك بۆچوونەكە قەبوڵ بكات، لەوانەشە رەتی بكاتەوە، ئەم قۆناغە دەكرێ عەفەوی بێت و لەوانەشە بەمەبەست بێت، بەڵام، ئەگەر پاڵنەرێكی شعوری یان لاشعوری نەبێت لەوانەیە بەدواداچوونی نەبێت بۆ قۆناغەكانیتر.

2-قۆناغی گرنگیدان insert stage

ئەم قۆناغە لەپاش ئەو قۆناغەی سەرەوەی دێت و بە تەواوكەری ئەویتر دادەنرێت. لەم قۆناغەدا تاك لەڕووی دەروونیەوە زیاتر لەگەڵ بۆچوون و زانیارییەكەدا ئاوێتە دەبێت، بۆیە دەست دەكات بە كۆكردنەوەی شارەزاییو زانیاری لەبارەیەوە. زانایانی كۆمەڵناسی ئەم قۆناغە بە قۆناغی گرنگیپێدان و كۆكردنەوەی زانیاری لەقەڵەم دەدەن و بەرێگە خۆشكەری دەزانن بۆ قۆناغی ئاینده.

3- قۆناغی هەڵسەنگاندن Evaluation stage:

لەم قۆناغەدا، تاك هەوڵ دەدات بەراوردێك بكات لەنێوان ئارودۆخی ئێستای خۆیو ئەو بارودۆخە نوێیەی كە لە پێشیەتی. بۆیە بە عەقڵ و هۆش هەوڵدەدات هەردوو حاڵەتەكە جێبەجێ بكات، بۆ ئەوەی لە كۆتاییدا بگاتە دەرئەنجامێك. واتە وەرگرتن یان رەدكردنەوەی ئەو بۆچوونەی كە ئاڕاستەی كراوە. لەم قۆناغەدا پەیام وەرگر هەوڵ دەدا رێنوێنی زیاتر وەرگرێ، تاكو قەناعەتەكانی لەلادا بچەسپێ.

4- قۆناغی تاقیكردنەوە- Trial stage:

لەم قۆناغەدا تاك هەوڵ دەدات بۆچوونە نوێیەكە لە بوارێكی بەرتەسكدا تاقی بكاتەوەو لەگەڵ بارودۆخە تایبەتیەكانی خۆیدا هەڵی بسەنگێنێ. ئەو ئەنجامەی كە پێی دەگات، سروشتی هەنگاوەكانی پاشتر پتەوتر دەكات.

5- قۆناغی وەرگرتن: Adoption stage

لەم قۆناغەدا پەیام وەرگر دەگاتە ئەو قەناعەتەی كە بۆچوونە نوێیەكان، وەربگرێ، بۆیە بڕیار دەدات باوەڕی پێبهێنێ. لەم حاڵەتەدا ئەم بۆچوونە نوێیە دەچێتە سەر قەناعەت و رەگەزەكانیتری پەیام وەرگر.

پێویستە بوترێ، ئەم قۆناغانە وەك یەك كاریگەری بەسەر تاك و كۆمەڵ و گروپەكانەوە هەیە. ماوەكەشی دیاری نەكراوە، دەكرێ كەم بخایەنێو دەكرێ ماوەیەكی زۆر بخایەنێ. ئەوەش بەستراوە بە توانای تاك و كۆمەڵگاكانەوە.

ئەو قۆناغانەی کە لەسەرەوە باسمان لێوە کردن، تایبەتن بەو کەس و گروپ و کۆمەڵانەی کە پەیامەکەیان ئاڕاستە دەکرێت.

پسپۆڕانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان چەند قۆناغێکیان دەست نیشان کردوە کە لە بۆچوونی پەیامنێرەکەوە دەست پێدەکات و بە وەرگرتنی لەلایەن پەیام وەرگرەکەوە کۆتاییان دێت. قۆناغەکانیش ئەمانەن:

(1) قۆناغی ئایدیا :Ideation

لەم قۆناغەدا پەیامنێر بە گرنگی دەزانێ لەرێگەی کەناڵێك لە کەناڵەکانەوە پەیامێك (ئایدیابێت یان زانیاری، یان هەواڵ..) ئاڕاستەی پەیام وەرگرێك یان کۆمەڵە پەیام وەرگرێك بکات.

(2) قۆناغی داڕشتنی ئایدیاکە لە کۆمەڵە هێمایەکدا Encoding

لەم قۆناغەدا پەیامنێر پەیامەکەی لە کۆمەڵە هێمایەکدا کە لەگەڵ کەناڵەکەدا بگونجێ دادەڕێژێ و ئامادەی ناردنی دەکات. پێویستە پەیامەکان بە سادەیی‌و دور لە ئاڵۆزی ئامادە بکرێن.

(3) قۆناغی گواستنەوە یان گەیاندن Transmission

لەم قۆناغەدا ئایدیاکان یان باشتر بڵێین پەیامەکان لەشێوەی کۆمەڵێ هێماداو راستەوخۆو لە رێگەی کەناڵێکی دیاریکراوەوە لە کاتێکی گونجاودا دەدرێتە پەیام وەرگر.

(4) وەرگرتنی پەیام

ناوەڕۆکی پەیامەکە لەم قۆناغەدا دەچێتە لای پەیام وەرگر، وەرگرتنی سەرکەوتوو پشت بە تواناو کولتوری توانا دەروونییەکانی پەیام وەرگر دەبەستێ. هەروەها پەیامی سەرکەوتوو پشت بە داڕشتنی سەرکەوتوو لەلایەن پەیامنێرەوە دەبەستێ.

(5) شیکردنەوەی پەیام لەلایەن پەیام وەرگرەوە:

لەم قۆناغەدا پەیام وەرگر ناوەڕۆکی ئەو پەیامەی کە پێیدەگات شیدەکاتەوە، شیکردنەوەی پەیام پشت بە توانا کولتوریەکانی پەیام وەرگر دەبەستێ، بۆیە لەوانەیە شیکردنەوەی پەیامەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی‌ترو لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی‌تر بگۆڕێ. بۆیە ئەو پەیامانەی کە لەڕووی تەکنیکیەوە راستن، مەرج نییە تەنیا لەبەر راستییەکانیان پەسەند بکرێن.

(6) کاردانەوە:

پاش ئەوەی پەیامەکە لەلایەن پەیام وەرگرەوە وەردەگیرێ، دەبێتە هۆی هۆشیارکردنەوەی. بۆیە پەیام وەرگر کاردانەوە لە بەرامبەریدا دەنوێنێ، کاردانەوەکەش دەکرێ رازی بوون بێت یان رەدکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامەکە بێت. لەوانەشە وەك معلومات لای خۆی بیپارێزێ بۆ ئەوەی لە ئایندەدا زانیاری زیاتری بخاتە سەر.

ئەم قۆناغانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن پرۆسەی گەیاندن لە چوارچێوەیەکی پێکەوە گرێدراودا دەخولێنەوە. لاوازی لە هەر قۆناغێکدا روو بدات، تێکڕای پرۆسەکە لاواز دەبێت. پرۆسەی پەیوەندییە جەماوەرییەکان پرۆسەیەکی ئاڵۆزو تێکەڵ و پێکەڵە، هەروەها پرۆسەی پەیوەندی دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەڵسوکەوتی مرۆییەوە، ئەمەش بۆ خۆی بگرەو بەردەی زۆری لەسەرەو بەپێی کاریگەریە جیاجیاکان دەگۆڕێ. ئاشکرایە سێ جۆر کاریگەری سەرەکی کار دەکەنە سەر هەڵسوکەوتەکانی تاك لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

1- هۆكاره خودییەكان كە پەیوەندن بە بیروبۆچوون و هەست و نەستی شەخسەكەوە.

2- بەربەستە كۆمەڵایەتیەكان: كاریگەری كۆمەڵ لەسەر تاك.

3- كاریگەری كولتور لەسەر تاك.

زانینی ئەو كاریگەریانە كارئاسانیمان بۆ دەكات تاكو لە داڕشتنی پەیامەكاندا تواناو زیرەكی پەیام وەرگرەكان لەبەرچاو بگیرێن.

## ئاستەكانی پەیوەندی

پەیوەندی چەندین ئاستی جیاجیای هەیە، هەندێ جار پەیوەندی لەنێوان تاك و خودی خۆیدایە، ئەویش لەرێگەی هەست كردنی بەو روداوانەی كە روو دەدەن و كاری تێدەكەن و ناچاری دەكەن بیر بكاتەوە ئەم پەیوەندییە پێی دەوترێ پەیوەندی خودی Intera parsonal communication . هەندێ جار پەیوندی لەنێوان كەسێك و كەسێكی‌تر یان كۆمەڵە كەسێكی‌تردایە، ئەم پەیوەندییە پێی دەوترێ پەیوەندی شەخسی personal جاری واش هەیە پەیوندی لەنێوان كەسێك و ژمارەیەكی زۆری خەڵكدایە. ئەم جۆرەیان پێی دەوترێ پڕوپاگەندە یان راگەیاندن. بەپێی ناوەرۆكی نامەكە دەگۆڕێ. بەشێوەیەكی گشتی پەیوەندی لەنێوان دوو كەس یان ژمارەیەكی زۆری خەڵكدا دروست دەبێت دەتوانین ئاستەكانی پەیوەندی لە سێ ئاستی سەرەكیدا كۆ بكەینەوە:

1- پەیوەندی روبەڕوو face to face:

بریتییە لە پەیوەندی نێوان دوو كەس یان كۆمەڵە كەسێك كە ژمارەیان زۆر نەبێت. لەم ئاستەدا لەوانەیە پەیام وەرگر ببێتە پەیامنێرو بە پێچەوانەشەوە راستە. واتە لەم ئاستەدا دوو شێواز دەگیرێتە بەر. لە پەیامنێرەوە بۆ پەیام وەرگرو لە پەیام وەرگرەوە بۆ پەیامنێر. لەم حاڵەتەدا پەیام وەرگرەكان بەلای پەیامنێرەكانەوە ناسراون.

2- پەیوەندی لەرێگەی كەناڵ media communication:

ئاستێكی پەیوەندی چالاكە لەنێوان دوو كەس یان زیاترو پەنا بۆ كەرەستەیەكی مادی وەك تەلەفۆن یان تەلەفزیۆن یاخود رادیۆو ئینتەرنێت دەبرێت. لەم حاڵەتەدا پەیام وەرگر سیفەتی جەماوەر وەرناگرێ. چونكە پەیام وەرگر یەك یان چەند كەسێكن. ئەم ئاستە ناوەندێكە لەنێوان پەیوەندی رووبەڕوو و پەیوەندی جەماوەری. چونكە سیفەتی هەردوو ئاستەكەی تێدایە.

3- پەیوەندی جەماوەری mass communication

ئاستێكی باڵای پەیوەندییە لەنێوان كۆمەڵە كەسێكی زۆر كە هیچ گونجانێك لە بوارە كۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابورییەكانیاندا نییەو هیچ كەسیان بەلای پەیامنێرەكەوە ناسراو نین.

لەم حاڵەتەدا پەیامنێر بۆ دروست كردنی پەیوەندی پشت بە كەناڵێكی میدیایی دەبەستێ.

ئەم ئاستەی پەیوەندی یەك ئاراستە وەردەگرێ كە بریتییە لە ناردنی پەیام بۆ پەیام وەرگرەكان. واتا پێچەوانەی پەیوەندی رووبەڕوو، پەیامنێر نابێتە پەیام وەرگر. ئەم ئاستەیان لە دوو ئاستەكەی‌تر ئاڵۆزترە، چونكە پەیامنێر لێرەدا بریتییە لە رێكخراوێك و پەیامەكەش بۆ ژمارەیەكی یەكجار زۆری خەڵك دەنێرێت. پەیامنێرەكان لەم ئاستەدا هیچ لەبارەی پەیام وەرگرەكانیان نازانن لە هەمانكاتدا ئاگایان لە كاردانەوەیان نییە(1).

بەڵام، لایەنی لێك چوون لەنێوان پەیوەندی رووبەڕوو و پەیوەندی جەماوەری زۆر زۆرترە لەلایەنە جیاوازەکانیان، چونکە هەردووکیان پێکەوە رووبەڕووی بەربەستە دەرونیەکان دەبنەوەو هەردووکیشیان بۆ رازی کردنی بەرامبەرەکانیان پشت بە کۆمەڵێ بنەمای دەروونی دەبەستن.

خاڵی هاوبەش لەنێوان پەیوەندی جەماوەریو پەیوەندی لەرێگەی کەناڵەوە ئەوەیە کە هەردوکیان بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان پەنا بۆ کەناڵێکی مادی دەبەن.

یەکێك لە خاڵە جیاکەرەوە گرنگەکانی پەیوەندی جەماوەری لە ئاستەکانی‌تری پەیوەندی ئەوەیە، کە لەم ئاستەدا پەیوەندیکەر communicator راستەوخۆ پەیام وەرگرەکە نابینێ، چونکە کەناڵی پەیوەندی بەستنەکە دەبێتە رێگر لەبەردەم کرداری یەکتر بینین یان رووبەڕووبونەوەی پەیامنێرو پەیام وەرگر. کەواتە پەیوەندییەکە لەم ئاستەدا ناڕاستەوخۆیە. ئێمە دەزانین پەیوەندی جەماوەری پەیوەندی کەسێك نییە بەتەنیا، بەڵکو چەندین کەسی‌تر لە سازدانی ئەو پەیوەندییەدا رۆڵیان هەیە. سروشتی پەیوەندی جەماوەری پێویستی بەوە هەیە ژمارەیەکی زۆر تەکینکارو بەرهەم هێن و بیرمەندو نووسەر هەستن پەیامەکە ئامادە بکەن(2) بە مانایەکی‌تر ئەو پەیامەی کە پەیوەندییەکی جەماوەری ئامادە دەکات، کۆمەڵێ هۆکاری دام و دەزگایی تایبەت بە دروستکردنی پرۆسەی پەیوەندیو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو ژینگەیی، کاریگەرییان بەسەریەوە هەیە.

بەکورتی سەرچاوەی پەیوەندی لەم ئاستەدا یەك کەس نییە، بەڵکو دەستەیەکی رێکخراوی زۆرن.

وەك لە ناوەکەیەوە دیارە "پەیوەندی جەماوەری" واتا رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێ چین و توێژی پرش و بڵاو کە لەڕووی تەمەن و هۆشیاریو بیروباوەڕەوە لە یەك ناچن و یەك کاردانەوەیان بۆ پەیامەکە نابێت. ئەو جیاوازییە وا لە پەیامنێرەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان دەکات، بە ناچاری پەیامەکانیان بۆ زۆرترین خەڵك (کە خەڵکە ئاساییەکانن) دابڕێژن.

بۆ ئەوەی پەیامێك ببێتە پەیامێکی جەماوەری پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

1-هەڵی ئەوە برەخسێنن زۆرترین خەڵك و بە ئاسانی دەستیان بگات بە پەیامەکان.

2- لە کەناڵێکەوە پەیامەکە رەوانە بکەین کە تێچوونی کەم بێت و ژمارەیەکی زۆری خەڵك بتوانن بەکاری بهێنن.

3-پەیامەکە بۆ چین و توێژێکی کەم و تایبەت نەبێت و زۆرترین خەڵك سوود لە ناوەڕۆکەکەی وەرگرن.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین چاپەمەنییەکان و رادیۆو تەلەفزیۆن و سینەما لە پێشەوەی کەناڵە جەماوەرییەکانن. بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا پەیامی ئەم کەناڵانە ناکرێ لەریزی پەیوەندیە جەماوەرییەکاندا دابنرێن. واتە تەلەفزیۆن و رادیۆو سینەماو کتێب و رۆژنامە، جاری وا هەیە پەیامەکانیان جەماوەرین و جاری واش هەیە جەماوەری نین.

# بەشی سێیەم

* پەیوەندیی و کاریگەری لەسەر گۆڕانی کولتووری
* جۆرەکانی چالاکییە پەیوەندییەکان
* بەربەستەکانی بەردەم پەیوەندییە جەماوەرییەکان

# پەیوەندی و
# کاریگەری لە گۆڕانی کولتورییدا

لـەم چـەند سـاڵەی دواییـدا، تەکنـەلۆژیای پەیوەندییـە گشـتییەکان (جەماوەرییـەکان) پێشـکەوتنێکی یەکجار زۆری بەخۆیەوە دیوە، ئەو پێشکەوتنانە شێوەو چۆنیەتی پەیوەندییە جەماوەرییـەکانی سـەروژێر کردوە، سیستەمی پەیوەندی هێندە ئاسان و هەرزان بووە هەموو کەس و لایەنێك دەتوانێ بەکاری بهێنێ. جێگە دوردەست و کەنارەکان کە پێشتر لەم دەسکەوتە مرۆییە بێ بەش بوون کـەڵك لـە پێشکەوتووترین جۆرەکانی کـەناڵی پەیوەندی دەبیـنن و هەڵسوکەوتی ڕۆژانـەی لەگەڵدا دەکـەن. پـەیامنێرەکان چیتر وەك جاران کێشەی کەمی جەماوەرییان نییە. پەیام وەرگرەکانیش وەك پێشتر بەدەست کەم کەناڵییەوە گیریان نەخواردوە. بەکورتی دەکرێ بوترێ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندییە جەماوەرییـەکان هـەم بۆ پـەیام وەرگرو هەم بۆ پەیامنێر کارئاسانی بەرفراونی دروستـکردوە. بە مانایەکیتر دەکرێ بوترێ بەهۆی ئەو کارئاسانیەوە، ژمارەی ئەو پەیامانەی کە لەرێگەی کەناڵەکانی پەیوەندییەوە ئاڕاستەی پـەیام وەرگرەکان دەکـرێ، هـەزاران قـات زیادیـان کـردوە. ئـەو پەیامـە زۆرو زەبەندانـەش، بـێ هـیچ دوو دڵیـەك گـۆڕانی کۆمەڵایـەتیو سیاسـیو دەروونـی لـەناو کۆمەڵگاکانـدا دروسـت دەکـەن، شـتێکی حەتمییـە ئـەو گۆڕانـە کۆمەڵایەتیو سیاسیو دەرونیانەش دەبنە هۆی گۆڕان لەبواری کولتوریدا.

پێش هەر شتێك بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە گۆڕانی کۆمەڵایـەتیو گـۆڕانی کولتـوری. دەکـرێ بـوترێ گۆڕانـە کۆمەڵایەتیـەکان بەشـێکن لـەو گۆڕانانـەی کـە لـە بـوارە کولتورییەکانـدا روو دەدەن. هـەموو گـۆڕانێکی کولتـوریش لـەم چـەرخەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ کەناڵـەکانی پەیوەنـدی. وەك پێشـتریش باسمـان کـردوە، ئـەم سـەردەمە سـەردەمی زێڕینـی کاریگـەری کەناڵـەکانی پەیوەندیـەو ئـەو کەناڵانـە بوونەتـە پێکهاتەیـەکی سـەرەکی ژیـانی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی، ئەمڕۆکـە کەناڵـەکانی پەیوەنـدی لەرێگـەی بەرنامەیـەکی لـەپێش داڕێـژراوەوە، داب و نـەریت و بـیرو بۆچـوونە کۆنەپارێزەکان دەدەنە بەر رەخنەو رێگە بۆ کولتورێکی هاوچەرخ کە لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی ئێستای مرۆڤایەتیـدا بگـونجێ دیـاری دەکـەن. پەیوەنـدی کـردن لـەم سـەردەمەدا بووەتـە داینـەمۆی کولتـورو گۆڕانکارییـەکان. گـەر ئـەو کەناڵانـەی پەیوەندی بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ و بەرنامـە بـۆ داڕێـژراو بخرێنـە خزمەتی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکانەوە ئەوا دەکرێ کولتورێکی رەسەن و پێشکەوتوو و پتەومان دەست کەوێ.

دەکـرێ بڵـێین پەیوەنـدی– بـەمانا پۆزەتیڤەکـەی– کەناڵێکـە بـۆ گـۆڕان و کەرەستەیەکیشـە بـۆ ئاراسـتەکردن، چـونکە راگەیانـدن لـەپاڵ ئەرکـەکانیتریدا، ئـەرکی راهێنـان و پـەروەردەکردن و ئاڕاسـتە کردنیشە.

گۆڕانی کولتوری بۆ خۆی بە مانای رزگاربوونی کەسایەتی مرۆڤ لە تەقلیدیەت و چەق بەستوویی‌و بیروباوەری پڕوپووچ دێت بۆ دروستکردنی ئەو گۆڕانەش دەبێت پێش وەخت، کەناڵەکانی پەیوەنـدی خەڵك بۆ قەبوڵکردنی گۆڕانکاری ئامادە بکەن.

لیرنەر لەم بارەیەوە دەڵێ: "کە گـەلێك هەست بـەوە بکات پێویستی بە گۆڕان هەیە، ئـەوا هۆکارەکـانی پێشکەوتن سەری هەڵداوە، پێویستە کەناڵەکانی پەیوەند ئەو هەستە لای خەڵك دروست بکەن[1]".

ئێمە دەزانین کولتورە تەقلیدییەکان بەهۆی کۆنیو بەربڵاویانەوە بە ئاسانی ناگۆڕێن و دەیان کۆسپ و تەگەرە دێتە ڕێگەی گۆڕان، خەڵکیش بەهۆی نائاشناییان بە کولتورە تازەکان جۆرە مەترسییەکییان بۆ گۆڕان و وەرگرتنی گۆڕانکاری هەیە.

بەڵام هەندێ جار پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە دروستکردنی ئەو گۆڕانکاریانەدا دەکەونە هەڵەوە.

"ماك کوئیل" چوار جۆرە هەڵە دەستنیشان دەکات کە بریتین لە:

(1)- باوکسالاری: پەیامنێر بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ پەیام وەرگر پەروەردە بکات و بە ئاگای بهێنێتەوە، بەڵام گوێ بەخواستە شەخسیو ئارەزووەکانی نادات.

(2)- تایبەت گەرایی: هەندێ جار تەنیا خواست و ویستی کۆمەڵێ کەس لەبەرچاو دەگیرێ و روو لەوان دەکرێو کەسان و خەڵکانیتر پشت گوێ دەخرێن.

(3)- پیشەگەرایی: هەندێ جار پەیامنێر خۆی بە شارەزاو زاناو پسپۆڕ دەزانێو خۆی لەبارەی میدیاکانەوە بڕیار دەدات. پیشەگەرایی لەوانەیە بەهۆی نەبوونی پەیوەندی سەرکەوتوو لەگەڵ پەیام وەرگردا سەر هەڵبدات.

(4)- کۆنەپارێزی: پەیامنێرەکان تەنیا ئەو شتانەی کە پێشتر پەیام وەرگریان خۆشحاڵ کردوە دەخەنە ڕوو. ئەم هۆکارە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئازادیو داهێنان لە پەیوەندییەکاندا[2].

## کۆبەندی ئەو کاریگەییە خراپانەی کە پەیوەندییە جەماوەرییەکان لەسەر کۆمەڵگا بەجێی دەهێڵن

دەتوانین لەماوەی پرۆسەی پەیوەندییە جەماوەرییەکاندا، کۆبەندی ئەو هەڵانە دەست نیشان بکەین کە ئەگەری ڕوودانیان زۆرە. بە زۆریش لە ناوەڕۆك و بەکارهێنانی ئەو پەیامانەدا دەردەکەوێ کە پەیامنێر ئاڕاستەی پەیام وەرگرەکانی دەکات.

1- ناوەڕۆك/ هەندێ جار کەناڵەکانی پەیوەندی بەشێوەیەکی خراپ دەکەونە ژێر کاریگەری بەها کولتورییەکانی ڕۆژئاوا بەتایبەت و بێگانەکان بەگشتیو هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر هەندێ بەهای کۆمەڵایەتیو کولتوری لۆکاڵیو نەتەوەیی.

لەژێر پەردەی پێشکەوتووخوازییدا لە ڕاستیدا ئەم جۆرە پەیامانە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی هەستی خۆبەکەم زانین لای ئەوانەی کە پەیامەکەیان ئاڕاستە دەکرێت. لە بەرامبەردا دەست دەکەن بە لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی ئەو کولتورانەی کە لەگەڵ ژینگەو بەها کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگاکانیاندا ناگونجێ. دروستکردنی کەسایەتییەکی لەو جۆرە، هەرگیز نابێتە هۆی پێشکەوتنی کولتوری. بۆ نمونە لە کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردیدا کە شێرازەیی پەیوەندییە خێزانیەکان تێیدا بەهێزە، ئەگەر پەیوەندییە جەماوەرییەکان بانگەشە بۆ ئەو شێوازەی پەیوەندی خێزانیە بکەن کە لە ئەورووپادا هەیە، ئەوا کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤانە بەسەر کۆمەڵگاو بەها کولتورییەکانی ئەم وڵاتەوە بەجێدەهێڵێ.

2- بەکارهێنان/ زۆربەی دەسەڵاتە سیاسییەکان هەوڵی ئەو دەدەن کەوا کەناڵەکانی پەیوەندی کردن لەلایەن خۆیانەوە کۆنتڕۆڵ بکەن. بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا. بۆیە زۆر بە زەحمەت ڕێگە بە پەیوەندییەکی ئازادانە دەدەن. دەسەڵاتە سیاسییەکان کاتێك بەتەواوی کۆنتڕۆڵی کەناڵەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دەگرنە دەست، هەوڵی ئەوە دەدەن کولتورێك لەناو خەڵکدا پەرەپێبدەن کە ملکەچیو رازی

بوونی تێدا بەرقەرار بێت. ئەمەش لەڕووی بەکارهێنانەوە کاریگەرییەکی خراپی کەناڵەکانی پەیوەندیی دەردەخات. بەڵام گەر ئەو کەناڵانە ئازاد بن لە بەکارهێنانی پەیوەندییەکانیاندا، ئەوا رۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە پەرەپێدانی کولتوریو کۆمەڵایەتیداو گەیاندن و وەرگرتنی کولتورە جیاجیاکان بەیەکتری[1].

## بەربەستە سایکۆلۆژیو کولتورییەکانی بەردەم پەیوەندییە جەماوەرییەکان

بەشێوەیەکی سەرەکی هەموو شێوازەکانی پەیوەندی پشت بە بنەما کولتوریو سایکۆلۆژییەکانی پەیام وەرگر دەبەستن. هەندێ لەو بنەمایانە رێخۆشکەرن بۆ دروست بوونی پەیوەندییەکی سەرکەوتوو، بەڵام هەندێکیان نیگەتیڤانە کار دەکەنە سەری. لە خوارەوە باس لە گرنگترین بەربەستە سایکۆلۆژیو کولتورییەکانی سەرکەوتنی پەیوەندییە جەماوەرییەکان دەکەین:

1- بەدحاڵی بوون:

پسپۆڕانی بواری میدیاکان پێیان وایە بەدحاڵی بوون کارێکی خراپ دەکاتە سەر کاریگەرێتی گەیاندنی پەیامەکانی پەیامنێر. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو بەدحاڵی بوونە تەنیا لای خەڵکی کوندنیشن و کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا باو نییە، بەڵکو لەلای شارستانییەکانیشدا بەرەوی هەیە.

ئێمە ئەوە دەزانین پرۆسەی پەیوەندی بەتەنیا بریتی نییە لە ناردنی پەیام و وەرگرتنی پەیام بەشێوەیەکی میکانیکی، بەڵکو لەپاڵ ناردنی پەیامەکاندا لایەنە دەروونیو سایکۆلۆژیو کولتورییەکانی کۆمەڵگاکانیش لەبەرچاو دەگیرێ. هەروەها ئەوەش دەزانین پرۆسەی پەیوەندی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێ، بۆیە دەبێت ئەگەری ئەوە دابنێین پەیام وەرگر تووشی بەدحاڵی بوون دەبێت.

لەراستیدا هەموو خەڵك وەك یەك دەرك بە پەیامی پەیوەندییەکان ناکەن و وەك یەکیش ناکەونە ژێر کاریگەرییەکەوە، پەیام وەرگرەکان بەپێی ئەو داب و نەریت و شارەزاییو تایبەتمەندییەی دەروون و هۆشیاریانەی کە هەیانە، لە هێماکانی پەیامەکان حاڵی دەبن.

واتە پەیام وەرگربەو شێوەیەی کە ناوەڕۆکی پەیامەکە دەیەوێ ناکەوێتە ژێر کاریگەری بابەتەکەوە، بەڵکو بەو شێوەیە دەکەوێ کە ئەو دەرکی پێدەکات. لەم حاڵەتەدا ئەگەری ئەوە هەیە ناوەرۆکی بابەتەکە رێك پێچەوانەی خواستی پەیامنێرەکە بکەوێتەوە، بۆیە زۆر پێویستە لەکاتی ناردنی هەر پەیامێکدا پەیامنێرەکە قۆناغەکانی پرۆسەی پەیوەندییە جەماوەرییەکان لەبەرچاو بگرێ.

2- هەڵبژاردنی بابەتەکە لەلایەن پەیام وەرگرەوە:

ئەو کەسەی پەیامەکان وەردەگرێ (کۆبن یان تاك) ئازادی هەڵبژاردنی بابەتی هەیەو دەتوانێ چی دەیەوێ بخوێنێتەوەو تەماشای هەر بابەتێك کە ئارەزووی لێیەتی بکات و گوێ بۆ هەر پەیامێك کە بەدڵیەتی بگرێ.

گومان لەوەدا نییە بیروبۆچوونەکانی پەیام وەرگر تاڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان لەسەر وەرگرتنی یان وەرنەگرتنی پەیامی میدیاکان هەیە. بۆ نموونە ئەوانەی بڕوایان بە رێبازێکی تایبەت هەیە، هەوڵ دەدەن

خۆیان لەو پەیامانە دور بگرن کە دژی رێبازەکەیانە و بڕوایان وایە کە ئەو جۆرە پەیامانە لەلایەن دوژمنەکانیانەوە ئاڕاستە دەکرێت.

پێویستە بوترێت پەیام وەرگر تەنیا دەرك بەو شتانە دەکات کە خۆی مەبەستیەتی، واتا وەرگرتن و دەرك کردن دەرهاویشتەی پرۆسەی هەڵبژاردنی کەسەکە خۆیەتیو ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ کەم بوونەوەی کاریگەری پرۆسەی پەیوەندی.

(3)- فرە ئەندامێتی:

شتێکی سروشتیە تاك ئینتمای تەنیا بۆ تاکە گروپێك نییەو بەسەر چەندین گروپدا دابەش بووە. بۆ نموونە کەسێك ئەندامی خێزانێکەو لە قوتابخانەیەکەو ئەندامی رێکخراوێکی سیاسیوپیشەیی و کۆمەڵایەتیە, ئەو تاکە با لە هەموو رێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و پیشەیانەدا ئەندام بێت,بەڵام ئەوە رێگر نییە ئەو یەکێکیان لەوانی تر بە باشتر بزانیٚ و بەو مانایەش نایەت کە ئەو رێکخراوە جیاجیانە کاریگەرییان لەسەری نییە, بەڵکو تاك ناچارە دەکەوێتە چەندین جۆری پەیوەندییەوە.

4-دۆگماتیزمی:

پەیوەندییە گشتییەکان کاریگەریەکی زۆریان بۆ سەر دروست بوونی رای گشتی و گەلاٚلە بوونی بیروبۆچوونەکان هەیە بیرو بۆچوونێك ئەگەر دەرکی پێنەکریٚ سەرهەڵنادات, بۆیە باشترین ئامراز بۆ دەرککردن بەو شتانە پەیوەندیکردنە. بەمانایەکی تر پەیوەندیکردن لە رێگەی کەناڵە بینراو بیستراو نووسراوەکانیەوە تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر مەسەلە جیاجیاکان ئاگادار دەکاتەوە و دەیانخاتە بەر هەڵوێست وەرگرتن و زانیاری تەواویان پێدەدات, بەڵام هەموو خەڵك وەك یەك هەڵوێست وەرناگرن وناکەونە ژێر کاریگەری پەیامی پەیامنێرەکانەوە. چونکە بیرو بۆچوونەکانیان فرە چەشن و جیاوازن. بیروبۆچوونی واهەیە زۆر توندڕەوانەیە و هی واش هەیە رەخنەگرانەیە و هی واش هەیە لایەنگرانەیە. بەلاٚم کێشەی سەرەکی بەردەم کەناڵەکانی پەیوەندی زیاتر لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونە دۆگمانایانەدایە کە هیچ قابیلی گۆڕان نیین زۆر کەس هەن هەر لە منداڵیەوە کۆمەڵێ ئایدلۆژی و چەمکی تایبەتیان تێدا چێنراوە و کات ساتێکی زۆری دەویٚ بۆ ئەوەی کەناڵەکانی پەیوەندی بتوانن ئەو بۆچوون و بیروباوەڕانە بگۆڕن. خودی ئەمەش پێویستی بە بەرنامە و کارێکی زۆر سەخت و دژوارە و هەیە و دەبێتە لەمپەر لەبەردەم دروست بوونی پرۆسەیەکی پەیوەندی ئاسایی.[1]

## جۆرەکانی چالاکییە پەیوەندییەکان

جۆری چالاکیەکانی پەیوەندی بەپێیٚ ئەو خەڵکەی کە پەیامیان ئاراستە دەکرێت, دەگۆڕێن, هەر لەبەر ئەوەیە چەندین زاراوەی وەك پەیوەندی سیاسی, پەیوەندی کلتوری و پەیوەندی نێو دەوڵەتی پەیوەندی ئۆرگانی و پەیوەندی گەشەپێدان لە فەرهەنگی پەیوەندی دا سەریهەڵداو ئێستاش جێگیربوون.

جگە لەو زاراوانە کۆمەڵیٚ زاراوەیتر هەن کە پەیوەندن بە پەیوەندی پیشەییەوە. وەك پەیوەندی پزیشکی, پەیوەندی پەروەردەیی و پەیوەندی زانستی و پەیوەندی کشتوکاڵی.

ئەو جۆرە چالاکیانەی پەیوەندی بەپێی جۆری پەیامەکان و سروشتی ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان لەگەڵدا دەبەسترێت, پۆلێن، دەکرێن. هەریەك لەوانەش یەکێك لە سیٚ ئاستەکەی پەیوەندیکردن (رووبەرو,

نێوان, جەماوەری) کە پێشتر باسمان کردن بە کاردەهێنن. لە خوارەوە بە کورتی پێناسەی پێنج جۆر چالاکی پەیوەندی دەخەینەروو:

(1)-پەیوەندی لە ڕێگەی کلتورەکانەوە lntercultural cemmunication سیترام sitrahm بەم جۆرە پێناسەی پەیوەندی لە ڕێگەی کلتوورەوە دەخاتەروو:

بریتیە لە ئاوێتەبوونی کلتورە جیاوازەکان, بێ لەبەرچاوگرتنی گەورەیی و بچوکی ئەو جیاوازیانە, بە زۆریش بریتیە لەو کەسەی کە لە کلتورێکی دیاریکراوەوە پەیوەندی بە کلتورێکی ترەوە دەکات, لەم حاڵەتەی پەیوەندیکردنەدا, پەیوەندی کەرو پەیوەندی پێوەکراو وەك ئەندامی دووکلتوری جیاواز تەفاعول لەگەڵ یەکتردا دەکەن.

ئەم جۆرە پەیوەندی بەستنە کەمتر دەچێتە خانەی رەسمیاتەوە, چونکە هەر زمانێکیان بۆ لێك تێگەیشتن دەسکەوێ بە کاری دەهێنن. زۆر جار ئاستی پەیوەندیکردنی ڕووبەروو لەم جۆرە پەیوەندییەدا بە کاردێت. بۆ نموونە کاتێك مامۆستایەکی زانکۆیەکی ئەوروپایی سەردانی کوردستان دەکات و لە زانکۆی سلێمانی موحازەرەیەك بۆ خوێندکاران دەڵێتەوە, ئەو جۆرە پەیوەندییە دەچێتە خانەی پەیوەندی کلتورییەوە, پاش ڕاپەڕین و ئازادبوونی کوردستانی باشوور بەهۆی ئازادی هاتوچۆ لە نێوان کوردستان و دەرەوەدا ئەم جۆرە پەیوەندیە لە کوردستاندا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند.

2- پەیوەندی نێو دەوڵەتی intrnatational communication سیسترام sitaram چەندین خاڵێ بۆ جیاوازی سروشتی پەیوەندی نێودەوڵەتی و پەیوەندی کلتوری داناوە, لە ڕێگەی خستنەرووی ئەو جیاوازیەوە دەتوانین لە پێکهاتەی پەیوەندی نێو دەوڵەتی بگەن:

1-پەیوەندی نێو دەوڵەتی زیاتر هەڵوێستێکی سیاسی لە خۆ دەگرێ نەك کلتوری.

2- لەسەر ئاستی نێو نەتەوەیدا پەیوەندی نێو دەوڵەتی دەبەسترێت و جەماوەرەکەی بەربڵاوەو لە چەند نەتەوەیەك زیاترە, بەڵام پەیوەندی کلتوری لە چەند گروپێکی بچوك و تاك تاكدا دەسووڕێتەوە.

3- پەیوەندی نێو دەوڵەتی لە نێوان خەڵکی دووگەل یان زیاتر دەبەسترێت, بەڵام پەیوەندی لە ڕێگەی کلتورەوە لە نێوان تاکەکانی دوو کلتور زیاترە.

4- پەیوەندی نێودەوڵەتی تەفاعولە لە نێوان کەسەکانی دوونەتەوەی جیاواز, بەڵام پەیوەندی لە ڕێگەی کلتورەوەدەکرێ لە نێوان دووکەسی هەمان نەتەوەدا ئەنجام بدرێت.

5- ئامانجی پەیوەندی نێونەتەوەیی جێهێشتنی کاریگەرییە لەسەر ڕووداوە سیاسیەکانی نەتەوەکانی‌تر. لەمپەڕ و ڕێگرەکانیشی سروشتێکی سیاسیان هەیە. هۆکاری تەفاعولەکەشیان ئاراستەیەکی نەتەوەییانەیە, نەك جیاوازی کولتوری و رەگەزی.

6-پەیوەندی نێودەوڵەتی زیاتر رەسمیە, جەماوەری پەیوەندی نێودەوڵەتی بەلای پەیوەندیکەرەوە ناسراوە, ئەمەش بەو مانایە نایەت کە لە یەکتر نزیکەوە دەناسن, بەڵام دەزانێ پەیامەکەی بۆ کێ ئاراستە دەکات.

3- پەیوەندی سیاسی politlcal communication

پەیوەندی سیاسی ئامانجی ئەوەیە سیاسەتێك دروست بکات کە ببێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی نێوان وڵاتان, بلیك blake و هارولدسن harodsen بەم شێوە باسی پەیوەندی سیاسی دەکەن: "پەیوەندی سیاسی کاریگەری واقعی لەسەر کرداری سیاسەتی دەوڵەتی یان هەر یەکەیەکی

**سیاسی هەیە" ئەم پەیوەندیە رەگەزێکی گرنگە بۆ دەسەڵات, لەبەر ئەمەشە دەسەڵات بەردەوام ئەم جۆرە پەیوەندییە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆییەوە.**

**4- پەیوەندی ئۆرگانی:**

**ئەم پەیوەندیانە کە لەنێوان دامەزراوەکاندا دروست دەبن و خەسڵەتەکانی ئەو دامەزراوانە هەڵدەگرن کە پەیوەندییەکان دەبەستن. هەروەها پەیوەندی ئۆرگانێکی زیاتر گرنگی بەو پەیوەندیانە دەدات کە لەنێوان رێکخراوەکاندا هەیە, تەنیا لە سنووری ئەو رێکخراوانەو ئەوانەی تێیدا کاردەکەن دروست دەبێت.**

**5- پەیوەندی تایبەتمەند**

**هەندێ شێوازی پەیوەندی هەن کە تایبەتمەندی ئەو پیشانە وەردەگرن کە پەوەندیکردن بەکار دەهێنن، بۆ نموونە ئەو شێوازەی پەیوەندیەکە کە لە تەندروستیدا هەیەپێێ دەوترێ پەیوەندی تەندروستی. هەروەها ئەو پەیوەندییەی کە لەبواری پیشەسازییە زانستیەکاندا کاردەکات پێی دەوترێ پەیوەندی زانستی. هەروەها ئەو پەیوەندییەی کە دەخرێتە خزمەتی پەرەپێدانی پێی دەوترێ (پەیوەندی پەرەپێدان)**

**ئاست و شێوازی پەیوەندی و چالاکیەکانی چەندە جیاوازیش بن, بەڵام بە ئامانجی پرۆسەی پەیوەندی ئەوەیە کاریگەری بە جێهێڵێت. ئەو کاریگەریەش تەنیا بە کاردانەوەی پەیام وەرگر سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. بۆیە پەیوەندی سەرکەتوو ئەوەیە کە لە نێوان پەیامنێرو پەیام ورەگر و عەلاقەیەکی جدی دروست بکات. بۆیە ئامانجی هەموو پەیوەندییەکان ئەوەیە لە نێوان پەیامنێرو پەیام وەرگردا ئەو عەلاقەیە زیاتر پتەو بکات.**

# دەرئەنجام

پەیوەندییە جەماوەرییە و دەزگاکانی راگەیاندن هەموو سنوورەکانیان هەڵوەشاندۆتەوە و مۆڤایەتیان لەو تەریکیەی کە جاران تیایدا دەژیا رزگارکردووە.

پاش سەرهەڵدانی رۆژنامە جەماوەرییەکان، ئیقاعی چالاکیە پەیوەندیەکانی مرۆڤایەتی خێراتر بوو، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دا تلگراف بوو بە راستیەکی حاشاهەڵنەگر پەیامەکانی لە رێگەی کۆمەڵێ هێماوە لە دورەوە دەنارد بۆ دوورتر، هەرچەندە تلگراف ناچێتە خانەی پەیوەندیە جەماوەریەکانەوە، بەلاّم رێگە خۆشکەرێك بۆبۆ ئەم تەکنەلۆژیای پەیوەندیە جەماوەریە ئەلکترۆنیەی کە ئێستا بەشێوەیەکی بەربلاّو بەکاردەهێنرێت. ئێستا رۆژنامە، رادێو تەلەفزیۆن و سینەماو ئەنتەرنێت بوونەتە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی هاوچەرخ بێ ئەوانە ژیان وەك دۆزەخی لێدێت.لە لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتمە ئەو دەرەنجامەی کە لە هەر قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا، پێشکەوتنێك لە پەیوەندیە جەماوەریەکاندا روویداوە، ئەو پێشکەوتنانە شۆڕشیان لە پێناو ژیانی کۆمەلاّیەتی وکولتوری و ئابوری وکۆمەڵگەکاندا دروست کردووە و شارستانێتی مرۆڤایەتیان بەرەوپێش بردووە. هەورەها بۆ ئەوەی گۆڕانی کولتوری و کۆمەلاّیەتی و سیاسی پۆزەتیفانە ئەنجام بدرێت، پێویستە بە وردی لە هەموو کون و کەلەبەرەکانی زانستی پەیوەندیە جەماوەریەکاندا شارەزایمان هەبێت.

هەر پرۆسەیەکی پەوەندی جەماوەری بەبێ ئەو شارەزایە پرۆسەیەکی ناکامڵ و بێ بایەخی لێدەردەچێت و لەوانەشە زۆر بە نەگەتیفانە پەیامەکانی بگاتە لای ئەوانەی کە پەیامیان ئاڕاستە دەکرێت. تەنیا رێگەش ووردبونەوە و توێژینەوەی هەمە لایەنەیە بۆ ئەم زانستەی کە ئێستا لە زۆربەی زانکۆکانی جیهان، بایەخێکی یەکجار زۆری پێدەدرێت دوایین قسەشمان ئەوەیە کە کەناڵەکانی راگەیاندنی ئێمە وەکو زانست تەماشای پەوەندییە جەماوەریەکانیان نەکردووە و پەیەمەکەیان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دوور لە بنەما زانستیەکان ئاراستەی پەیام وەرگرەکانیان دەکەن.بۆیە پێشنیاری هەرە گرنگی من بۆ ئەو کەناڵە پەیوەندیانە کە لە کوردستاندا کاردەکەن و داواکارم لە داڕشتن وناردنی پەیامەکانیاندا پشت بە شێوازی زانستی ببەستن.

# سەرچاوەکان.

1- العلاقات العامة والاتصال الانسانى.تاليف/ صالح الخليل ابو أصبع -الطبقة الاولى -1998

2- علم الاتصال المعاصرتاليف/ د. عبداللة الطويرقى/الطبقة الثانيه -1997

3- المدخل الى وسائل الاعلام.تاليف/ د. عبدالعزيز الشرف - الطبقة الثانية - 1989

4- الاتصال الجماهيرى المنظور الجديدتاليف/ د. هادى نعمان هيتى - 1998

5- الاتصال والتغير الثقافى تاليف/ د. هادى نعمان هيتى - 1978

6-الاتصال اساس النشاط العلمى تاليف/ د. جارفى - ترجمه/ د. حشمت قاسم

7- المدخل الى بحوث الاتصال الجماهيرى

8- رسانه ژماره 25 ساڵى يازدەيەم (گۆڤار)

9- همشهرى ژماره 2544 (رۆژنامه)

10- الموقف الثقافى ژماره (13) سنه 1998(گۆڤار)

11 - مقدمة فى الاتصال السياسى/ د. محمد بن مسعود البشر - گبعه1997